# ئاوەڵکردار،

# ئاوەڵکرداریی و ناوی کات

**پ. ی. د. محمد عبدالفتاح حمەسعید (د. محەمەدی مەحویی)**

**زانکۆی سلێمانی/ سکوڵی زمان/بەشی کوردیی**

**پێشەکیی**

ئەم کارە زانستییە بەشێکە لە لێکۆڵینەوەیەکی پێڕەوبەندانەی گشتگر لەسەر پێڕەوی ئاوەڵکردار لەناو پێڕەوی تافدا. بنەمای پێڕەوبەندانەو پەیوەندیەکانی ئاوەڵکردار بە پۆلەڕەگەزەکانی کردار، ناوو ئاوەڵناوەوە لەم لێکۆڵینەوەیەو لە توێژینەوەیەکدا لەسەر ئاوەڵناوی کوردیی دەکەونەبەردەست خوێنەران. لەم بەشەدا، بۆ دیاریکردنی چەشن و جۆرەکانی ئاوەڵکردارەکان پەنبراوەتەبەر پرۆسە مۆرفۆلۆژیەکان و بەکارهێنانی ئاوەڵکرداریی adverbial usage و بەکارهێنانی ئاوەڵناویی attributive usage کەرەستەکان (وشەو مۆرفیمەکان). لەبەرئەوەی پێکهاتەکانی ڕێزمان ڕژاونەتەناویەکەوە، بۆ جیاکردنەوەی وشەی فەرهەنگیی، وشەی مۆرفۆلۆژیی و وشەی فرێزیی بە لێکسێمبوو لە فرێزو دروستەسینتاکسیەکان، دروستە خراوەتەکیەکەکان juxtaposed structures لە دروستە خراوەپاڵیەکەکان genitive structures جیاکراونەتەوە (/ئاخرساڵ/ "ئاخرساڵی خوێندنەکەیەتی" (ساڵی کۆتایی خوێندنەکەیەتی) : ("ئاخری ساڵ" "ئاخری ساڵی ساڵی خوێندنەکەیەتی" (کۆتایی ساڵی خوێندنەکەیەتی) و "ساڵی ئاخر" "ساڵی ئاخری خوێندنکەیەتی" (دواساڵی خوێندنەکەیەتی). نمونەی یەکەم وەك وشە خۆی دەنوێنێت، بەڵام لە دو نمونەکەی تردا، کە فرێزی خستنەپاڵین، وشەی /ئاخر/ لە بەکارهێنانی ئاوەڵکرداریی و ئاوەڵناوییدا هەر وەك ئاوەڵکردار گۆدەکات.

خشتەی ژمارە (١)، وەك گریمانە، بۆ ئەم لێکۆڵینەوەیە کراوەتە بنەماو تێیدا ئاوەڵکرداری تاف لە ناوی ئاوەڵکرداریی و لە ناوی کات جیاکراوەتەوە. لەڕووی سینتاکسییەوە، ئەو ئاوەڵکردارانە دەستنیشانکراون، کە سەربەخۆو کرداربەندیانە ڕودەدەن و ئەوانەیش کە لە پێکهاتوەکاندا constructions بەکاردەهێنرێن. لەڕووی سێمانتیکییەوە، گروپەکانی/کاتەکانی واتای تافیی دیاریکراون. لەڕووی مۆرفۆلۆژییەوە، هەموو ئەو وشەو دەربڕاوانە بە ئاوەڵکردار دانراون، کە بونەتە لێکسێمی سەربەخۆو لە دەربڕاوی سینتاکسیی جیاکراونەتەوە، کە وەك ئاوەڵکردار گۆدەکەن (ئەرك بەجێدەهێنن). لەڕووی بەبڕشتی کردارەوە (تەواوکەری ئاوەڵکرداریی) verb valence ، گفتوگۆ لەسەر چەشنەکانی ئاوەڵکردار نەکراوە، بەڵکو تەنها ئاماژەپێدراوە. واتە، چەند بەشێك لە بابەتەکانی ئاوەڵکردار شینەکراونەتەوە (بڕوانە بەشی

.(١)!

دروستەو بینای لێکۆڵینەوەکە: لە بەشی (١) داچەمك و پۆلێنکردنێکی گشتی ئاوەڵکردار ڕاڤەکراوەو وەك زانیاریی گشتیی دەربارەی ئاوەڵکردار بۆ بەراوردکردنی لەگەڵ ئاوەڵکرداری زمانی کوردییدا لەلایەن خوێنەرەوە پێشکەشکراوە. لە بەشی (٢) دا چەشن و جۆرەکانی ئاوەڵکردار لەیەکجیاکراونەتەوە. لە (٢/٢) دا شیکردنەوەکان لەڕووی فۆڕمەوە لەسەر ئاوەڵکردار پێشکەشکراون. (٣/٢) بۆ پێکەوەهاتن و مەرجەکان و (٤/٢) یش بۆ هەندێك دیاردەی واتایی تەرخانکراون. وشەی پرسیاو بەکارهێنانی کۆتایی بە لێکۆڵینەوەکە دەهێنن.

## بەشی یەکەم

## ئاوەڵکردار

### ١/١) چەمك و پۆلێنکردن

ئاوەڵکردار[١] ناوی "وشە_حاڵەت" یشی لێنراوەو جۆرێکە لە وشە، کە بە گشتیی بۆ دیاریکردنی سێمانتیکیی تەواوی/دروستی semantic modification کردار، ئاوەڵناو، ڕودانی ئاوەڵکردارییانە (٢/١) و تەواوی ڕستەیە. ئاوەڵکردار لەو پۆلەڕەگەزانە[٢] نییە، کە دەشکێنرێنەوە non-inflected categories، بۆیە زۆر جار لەگەڵ پێشناوو بەستێنەرەکاندا conjunctions وەك وەچەگرووپێکی واژەگۆکەرەکان particles پۆلێندەکرێت[٣]. ئاوەڵکردار، وەك پۆلەڕەگەزێکی وشە، گرووپێکی زۆر فرەچەشن یان ناچوونیەك heterogeneous بە ژمارەیەکی زۆر لە کەوتنەسەریەك و یەکتربڕیینەوە لەگەڵ پۆلەڕەگەزەکانی تری وشەدا دروستدەکەن. لەبەرئەمەیە، کە لە ڕێزماندا پۆلێنکردنی جۆراوجۆری بۆکراوە. بەپێی جیاکردنەوەو بەشبەشکردنی ئەم جۆرە دابەشبونانەی بۆکراوە:

١) لەڕووی سینتاکسییەوە، (ا) جیاوازیی لەنێوان ڕودانی سەربەخۆی ئاوەڵکردارو (/زوو، بەیانیان، شەوێ، .../) و ئاوەڵکرداری جێناویی pronominal adverbs (/لەوێ، لێرە، چونکە، لەبەرئەوەی، .../) دا کراوە. ئاوەڵکرداری جێناویی وەك فۆڕمەجێناوییەکان pro-forms بۆ بەرکاری پێشناویی prepositional objects یان بۆ "بەکارهێنانی ئاوەڵکردارییانە" ڕودەدەن و دەردەکەون.

---

[1] ئەم ڕوونکردنەوانە لە Hadumod Bußmann, Lexikon der Sprachwissenschaft (1983) ەوە وەرگیراون.

[2] لە زمانی کوردییدا، وشەی /پۆل/ بۆ گروپێك، کە سەر بە ڕەگەزێکن، بەکاردەهێنرێت (/پۆلە ڕیشۆڵە، پۆلە کۆتر، .../) و زاراوەی /کاتەگۆری/ یش پۆلێك، کە خاوەنی یەك ڕەگەزن، دەبەخشێت، بۆیە لێکۆڵەر لەبری زاراوە بیانیەکە زاراوەی /پۆلەڕەگەز/ بەکاردەهێنێت. دەربڕاوی "بەشەئاخاوتن" لێماکانی ناو فەرهەنگ و دەربڕاوە سینتاکسیەکانیش دەگرێتەوەو بە تەواویی واتای /پۆلەڕەگەز/ یان /کاتەگۆری/ دەرنابڕێت.

[3] بڕوانە محەمەدی مەحویی (٢٠١١) !

(ب) پەیوەست بە جۆری بەکارهێنانەوە، جیاوازیی لەنێوان ئەو ئاوەڵکردارانەدا کراوە، کە دەتوانرێن ئاوەڵکردارییانەو بەشەکرداریی/کرداربەندیانە predicative usage بەکاربهێنرێن ("ئەو جۆرێکی تر کاردەکات" : "ئەو جۆرێکی ترە"[4] (بڕوانە (٢/٥) !) لەگەڵ ئەوانەی ئاوەڵکردارییانەو ئاوەڵناوییانە ("گوڵدانەکە لەسەر ئێرەیە/لێرەیە" : "گوڵدانەکەی ئێرە") ڕوودەدەن و ئەوانەیش، کە تەنها ئاوەڵکردارییانە ("ئەو بە خۆشییەوە کارناکات") گۆدەکەن (بیشڕوانە ئاوڵکرداری بەستێنەر conjunctional adverbs!).

(پ) ئاوەڵکرداری ڕستەیی adverb clause ("بەهیوام، هیوادارم، پێدەچێت، ڕەنگە") گرووپێکی تایبەتیی دروستدەکەن. ئەمانە سەرەتا_ڕستەیی بەکاردەهێنرێن، بۆیە وەك بڕیاری قسەکەر بۆ هەموو ڕستەکە دەگەڕێنەوە ("بەهیوام گەڕابێتنەوە").

(ت) ئاوەڵکرداری بەستێنەر: ئاوەڵکردارێکە بە گۆکردنی ڕێکخەرییەوە coordinated function ، کە لەپێش ڕستەوە یان کرداری کاتوکەسدارەوە finite verbs: باران باریی، بۆیە زۆربەی منداڵەکان لەماڵ نەهاتنەدەرەوە. لەتەك گۆکردنی ڕێکخەرییدا، ئاوەڵکرداری بەستێنەر گۆکردنی سێمانتیکیی_سینتاکسییشی[5] هەیە (بڕوانە /تەنها، بەتەنها/، واژەگۆکەری پلە /بەلانی کەمەوە/ و ڕودانە ئاوەڵکردارییانە /لەبەرئەوە، لەڕێیەوە، کەواتە/!)[6].

٢) لەڕووی سێمانتیکییەوە، ئەم گروپانە دەستنیشانکراون: واتای تافیی temporal meaning (/ئێستا، دوێنێ، لەوکاتەوە، .../)، واتای شوێنیی local meaning (ئێرە، ئەوێ، لێرە، لەوێ/)، واتای مۆدالیی modal meaning (/کوێرانە، کەرانە، ژیرانە/، "بە خۆشییەوە، بەدڵتەنگیی، بەساردییەوە") و واتای هۆکاریی causal meaning ("دەرەنجام، لەئەنجامدا، لەگەڵ ئەوەیشدا/).

٣) لەڕووی مۆڕفۆلۆژییەوە، جیاوازیی لەنێوان ئاوەڵکرداری ڕووت (قەدەوشەی وەك /دوێنێ و بەیانی، ئێستا/) لەگەڵ لێکدراو (/لەوێ، لێرە/) و هەلگوێزراو یان داڕێژراودا (/هاوینان، هاوینێ/) دەکرێت. زاراوەی "adverbials" لە ڕێزمانی ئەڵمانییدا بۆ ئەو پێشناوو ئاوەڵکردارانە بەکاردەهێنرێت، کە بە سێمانتیکیی بۆ کردارەکە دەگەڕێنەوە ("بەهیوابوون بۆ" : *"جوان دەرکەوتن"). زاراوەی "ئاوەڵناوی ئاوەڵکردارییی" adverbial adjectives ئەو ئاوەڵناوانە دەگرێتەوە، کە لە ئاوەڵکرداری وەك /ئەمڕۆ، لەوێ/ ەوە وەردەگیرێن و تەنها ئاوەڵناویی بەکاردەهێنرێن، واتە ناتوانن بەشەکردارییی ڕوبدەن ("بڕیارەکەی ئەمڕۆی" : *" بڕیارەکەی ئەمڕۆییە").

٢/١) بەکارهێنانی ئاوەڵکردارییانە (دیاریکردنی ئاوەڵکردارییی) adverbials

---

[4] بڕوانە محەمەدی مەحویی (٢٠٠١) و ئەو سەرچاوانەی، لەوێدا هێنراونەتەوە !

[5] بڕوانە محەمەدی مەحویی ( ٢٠١١) !

[6] بڕوانە محەمەدی مەحویی (٢٠٠٦) و (٢٠١١)!

ڕودانی ئاوەڵکردارییانە گۆکردنی سێمانتیکیی جومگەیەکی ڕستە دەبەخشێت، کە ئاکاری چشتێك لەڕووی کاتەوە، شوێنەوە، جۆرو شێوەو ... هتد. ەوە تەواو دروست دیاریدەکات. ئەم گۆکردنە ئاوەڵکردارییە_واتاییە تەواو پەیکاڵی پۆلێنکردنی ڕێزمانی باووڕۆشتووە بۆ ئاوەڵکرداری تافیی، شوێنیی، مۆدالیی، هۆکاریی، مەرجیی conditional، یەکلەدوای یەکیی consecutive. قەوارەو سنوری پۆلەکان جۆراوجۆر دیاریی و پێناسەکراون. سێ پۆلی سەرەکیی لەیەکجیاکراونەتەوە:

١) "ئاوەڵکرداری بەبڕشتیی" adverbial complements (obligatory adverbials) :

هەندێك لە کردارەکان داوای ئاوەڵکردار دەکەن:

ژیین +ئاوەڵکرداری شوێنیی "ئێمە لە سلێمانی دەژیین"

هەستکردن +مۆدال/جۆریی "هەستدەکەم، خراپبم"

چوون +ئاڕاستە "منداڵەکان چوون بۆ قوتابخانە"

بەپێچەوانەی ئاوەڵکردارەکانی ترەوە، کە زانیاریی ئاوەڵکرداریین، ئەمانە ناوی "تەواوکەری ئاوەڵکرداریی" adverbial complements یشیان لێنراوە.

٢) "ئاوەڵکرداری بەبڕشتیی سەرپشکیی"(adjunct adverbials (optional، کە بەبڕشتیی کردار valence of verbs سەرپشکیی داوایاندەکات. ئەمانە لەگەڵ هەندێك کرداردا بەندن بە هەندێك کۆتوبەندی هەڵاوێرکردنەوە selection conditions. ئەم چەشنە ئاوەڵکردارانە (شوێنیی، مۆدال، تافیی) ئاکاری ڕەوتە کردارییەکە تەواو دروست دیاریدەکەن ("پەرواز لە لوبنان/بەخۆشییەوە/جوان/خۆش گۆرانیدەڵێت").

٣) "ئاوەڵکرداری ئازاد لە بەبڕشتی" بەهیچ جۆرێك بەندنیین بە کۆتوبەندی هەڵاوێرکردنەوەو بۆ ڕەوتەکردارییەکە ناگەڕێنەوە، بەڵکو هەموو ڕستەکە دەگرنەوە. ئەمانەیان پەیوەندیی دوو_جێکەوتەیی دەردەبڕن: (ا) ئاوەڵکرداری تافیی و هۆکاریی دوو چشت بەیەکەوە دەبەستێتەوە ("کاتێك، لەکاتێکدا" لەگەڵ ڕستەی ئاوەڵکردارییدا): کاتێك منداڵەکان (دوێنێ) یاریاندەکرد، ئێمە نامەکانمان دەنوسیی. (ب) پەیوەستبوون بە گشت ڕستەکەوە: بەهیوام/بەهیوابووم/ڕەنگە بێت.

ئاوەڵکردار کاتەگۆریی جۆراوجۆر دەگرێتەخۆ: لەوانە ئاوەڵکرداری ڕووت pure adverbs (/ئەمڕۆ، ئەوێ/)، ئاوەڵکرداری ئاوەڵناویی adjectival adverbs (جوان، نوێ) و ئاوەڵکرداری جێناویی (/تێیدا، چونکە، لەبەرئەوەی/) لەگەڵ فرێزی پێشناویی ("لەسەر مێزەکە، لەناو ژورەکەدا، ڕۆژێك لە ڕۆژان")، فرێزی پێشناویی لە خستنەپاڵدا genitive ("ڕۆژێکیان") یان بەرکاریی accusative ("ئەو هەموو ڕۆژەکەی بەیاریکردنەوە بردەسەر")، ڕستەی ئاوەڵکرداریی adverbial sentences ("ئێمە، ئەو بۆ هەرچ شوێنێك چوو، دوایکەوتیین"). ڕستەی ئاوەڵکرداریی یان ڕستەی لاوەکیی ("ڕستەی وەچەپێکهاتە") لە گۆکردنی سینتاکسیی ئاوەڵکردارێکدا، بەپێی گۆکردنی سێمانتیکییان ڕستەی هۆکاریی، شوێنیی، مۆدالیی و ڕستەی تافیی لەیەکجیادەکاتەوە ("هەر کە گوێی لە هەواڵەکە بوو، بورایەوە/ڕایکرد"). لەم بابەت و کێشەیەی کۆتاییەوە دەپەڕمەوە بۆ پرسیاری سەرەکیی ئەم لێکۆڵینەوەیە: کام پۆلەڕەگەزانە لە زمانی کوردییدا دەتوانن لە گۆکردنی سینتاکسیی ئاوەڵکرداردا بن؟

وەڵامی پرسیارکردنەکە، ئاوەڵکرداری ڕووت، ناوی نیشانەکراوی ئاوەڵکرداریی marked adverbial nouns و ناوی کات time nouns دەگرێتەوە.

## بەشی دوهەم

## ئاوەڵکردار لە زمانی کوردییدا

ئاوەڵکردار[7]: چەشنێکی وشەیە بۆ دیاریکردنی تەواوو دروستی کردارو ڕستەو بۆ دیاریکردنی گۆکردنی سێمانتیکیی جومگەیەکی ڕستە وەك ئاوەڵکردار (بەکارهێنانی ئاوەڵکردارییانە). لەبەرئەوەی ئاوەڵکردار ناشکێتەوە، جۆرێکە لە واژەگۆکەر (پارتیکڵ). لەگەڵ ئەوەیشدا وەك کاتەگۆرییەکی وشە گرووپێکی فرەچەشنەو لەگەڵ ناوی ئاوەڵکرداریی و ناوی کاتدا لە پەیوەندیدان. لەڕووی سێمانتیکییەوە، تافیی، شوێنیی، مۆدالیی و هۆکاریی هەن. لەڕووی مۆرفۆلۆژییەوە، ئاوەڵکرداری بنەڕەتیی/سادە لە لێکدراوو هەڵگوێزراو لە بەلێکسێمبوو لە بەلێکسێم_نەبوەکان جیاکراوەتەوە. لەڕووی سینتاکسییەوە، لەبەکارهێنانی ئاوەڵکرداریی، ئاوەڵناویی، ئاوەڵکردارییانەو کرداربەندییدا دەبینرێتەوە. وەك ئەمە "ئاوەڵکردار" پۆلەڕەگەزێکی گرنگی زمانی کوردییە.

### ١/٢) چەشن و جۆرەکانی پۆلەڕەگەزی ئاوەڵکردار

ئاوەڵکردارەکان لە فەرهەنگدا تۆمارکراون. لێکۆڵینەوەکانی ئەم بەشە لە پۆلێنکردنەکەیدا، وەهایدادەنێت، کە سێ چەشنی سەرەکیی ئەم پۆلەڕەگەزە هەن: ئاوەڵکرداری بنەڕەتیی کات، ناوی ئاوەڵکرداریی و ناوی کات (بڕوانە خشتەی ژمارە (١) !). ناوە ئاوەڵکردارییەکان دو چەشنن: (ا) ناوی ئاوەڵکرداریی_کاتیی ناجێگیر، کە بەپێی جومگەی دوهەمی خراوەتەکیەك juxtaposed constructions و خراوەپاڵیەکەکانیان genitive constructions وەك شوێنیش ڕودەدەن و دەردەکەون. دوو جۆر ناوی ئاوەڵکرداریی_کاتیی لەیەکجیاکراونەتەوە: ناوی کاتیی جەمسەریی و ناوی کاتیی سەرە/نۆرە. (ب) ئاوەڵکرداری ئاوەڵناویی، کە جۆری ئاوەڵکرداری تێپەڕیین و جۆری ئاوەڵکرداری جەمسەرییان لێدەستنیشانکراوە. ناوە ئاوەڵکردارییەکان لە لیستی گەنجی وشەکانی ناو فەرهەنگدا وەك ناوو ئاوەڵکرداری ئاوەڵناویی (لە بەکارهێنانی ئاوەڵناوییدا) تۆمارکراون.

لەناو پۆلەڕەگەزی سەرەناوەکاندا substantives، ئەو مۆرفێمانەی، کە ناون بۆ ناولێنانی کات، بۆیە لە چەشنەکانی دیکەی ناو جیاکراونەتەوە، چونکە تەنها ئەمان وەك ئاوەڵکردار_ئاسا بەکاردەهێنرێن (بڕوانە خوارتر !). ناوی کات، وەك ناوی چشت و کەرەستە، بۆ نمونە، دیاریخەرو پاشگرەکانی جیاکردنەوە وەردەگرن ("ڕۆژێك، ڕۆژەکان، ڕۆژەکە، ڕۆژێك لە ڕۆژان، ڕۆژێکیان، ...) و ناوە ئاوەڵکردارییەکان ئەو

---

[7] دەربارەی زاراوەو پێناسە جۆراوجۆرەکانی ئاوەڵکردار بڕوانە، بۆ نمونە ئەوڕەحمانی حاجی مارف (١٩٩٨)، کۆڕی زانیاری کورد (٢٠١١)، سەعید سدقی کابان (١٩٢٨)، نوری عەلی ئەمین (....)، نەریمان خۆشناو (٢٠١٢) و گەلێکی تر !

تایبەمەندیەیان نییەو لەناو فرێزەکاندا ئەدگاری ئاوەڵکردار دەبەخشنە تەواوی فرێزەکە، واتە بەو جومگەیەیش کە لەگەڵیاندا دێت و بە /کەی/ ~ "چ کاتێك" پرسیاریانلێدەکرێت.

١_ا) سەرەتای ئاهەنگەکە ("کەی؟"،*"سەرەتای کەی؟"، "چ کاتێکی ئاهەنگەکە؟")،

_ب) سەرەتای پایز. ("کەی؟"، "سەرەتای کەی؟"، "چ کاتێکی پایز؟")

ئاوەڵناویش، وەك ناوی چشت، دەتوانێت وەك ئاوەڵکردار لە ڕستەدا گۆبکات، بۆیە بەم بەکارهێنانەی ناوو ئاوەڵناو دەگوترێت "بەکارهێنانی ئاوەڵکردار_ئاسای" ئەو دو پۆلەڕەگەزە (بڕوانە پرسیارکردنەکان بە /کەی، کام، چی، چۆن/!)[8].

خشتەی ژمارە (١): پۆلێنبونی ئاوەڵکردارەکان

__ئاوەڵکرداریی__ __ئاوەڵکرداریی__

__ئاوەڵکرداریی__

سەرەتا(یی) ناوەڕاست

کۆتا(یی)

پێش

پاش

پێشوو

ئاخر(یی)

ڕابوردوو

دوا(یی)

بەر لە

داهاتوو

__ئاوەڵکردار__

| | | |
|---|---|---|
| دوێنێ | ئێستا | سەبی(نێ) |
| پێرێ | هەنوکە | دوسبەی |

[8]بڕوانە محەمەدی مەحویی (٢٠١٣_ا) !

| | | |
|---|---|---|
| بەسرپێرێ | زوو | سێسبەی |
| | درەنگ | |
| | دێر | |
| | ئەمرۆ | |
| دوێنێ شەو | ئەمشەو | سبەی شەو |
| پێرێ شەو | | دوسبەی شەو |
| پار | ئەمساڵ | (ساڵی داهاتوو) |
| پێرار | | (دو ساڵی تر) |
| بەسرپێرار | | (سێ ساڵی تر) |
| ("بەسر بەسرپێرار") | | |

<u>ناوی کات</u>

| | | |
|---|---|---|
| ("سەدەی پێشوو") | سەدە | ("سەدەی داهاتوو") |
| ("ساڵی پێشوو") | ساڵ | ("ساڵی داهاتوو") |
| | وەرز | بەهار، زستان، ... |
| | مانگ | خەرمانان، گەلاوێژ، ... |
| | (ڕۆژەکانی) هەفتە | شەممە، یەکشەممە، ... |
| | شەووڕۆژ | |
| | ڕۆژ | |

بەرەبەیان، سەرلەبەیان، پێشنیوەڕۆ،

نیوەڕۆ، پاشنیوەڕۆ، عەسر، ئێوارە

شەو

نیوەشەو

تێبینیی: لەناو کەوانەکاندا ("     ") فرێز نووسراون.

هەر گرووپێك لە سێ چەشنە سەرەکیەکە خاوەنی کۆمەڵێك ئەدگارە، کە سنوری نێوانیان دیاریدەکات و لەیەکیانجیادەکاتەوە. لەگەڵ ئەوەیشدا چەند ئەدگارێکی هاوبەش وەك ئاوەڵکرداری تاف کۆیاندەکاتەوە. هەروەها لێکۆڵەر وەهایشیدادەنێت، کە دەبێت لە هەریەك لەو چەشنانەی ئاوەڵکردار لە چەند جۆرێك پێکهاتبێت. دیارە، کە ئەمانیش ئەدگاری هاوبەش و جیاوازی خۆیان هەیە.

یەکەم: ئەدگارەکانی ناوی کات

ناوی کات سەربەخۆ ئاوەڵکردار_ئاسا بەکاردەهێنرێت. شا_ناوەکانیان hyponyms (سەدە، ساڵ، وەرز، مانگ، هەفتە، شەووڕۆژ) ئەم بەکارهێنانەیان نییە (١_ب).

١_ا) نەوزاد  هاوین/شەممە/ئازار/شەو  دەگات.

_ب) *نەوزاد سەدە/ساڵ/وەرز/مانگ/هەفتە/ڕۆژ دەگات

ناوی کات، وەك سەرەناوەکان، هەمویان دیاریخەر وەرناگرن. ئەوەتا، شا_ناوی کاتی /شەو/ خۆی لەو ڕووەوە لە ناوەکانی تر جیادەکاتەوە، کە شکاوە لە فرێزدا ڕودەدات و دەردەکەوێت "کورسیەکان، کورسیەکە، کورسییەك" : "شەوەکەی پێشووتر، ڕۆژەکانی هەفتە، ..."). بیشڕوانە بەکارهێنانەکانی ناوی کات لە پێکهاتوەکاندا (خراوەتەکیەك و خراوەپاڵیەکەکاندا) !

٢_ شەوەکانی پێشووتر، هەمومان دەمانخوێند.

ناوی کات لە مۆڕفۆسینتاکسی خستنەپاڵییدا پاشگری /_ێکیان/ ی نادیاریی وەردەگرێت.

٤_ شەوێکیان (شەوێك لە شەوان) هەر بەزۆری خۆمان لەلامان مایەوە.

ناوی کات پاشگری /_ێك/ ی نادیاریی وەردەگرێت.

٣_ ئێوە شەوێك سەردانتانکردیین، کە خۆمان لەسەر سەفەر بووین.

ناوی کات پاشگری /_ان/ ی عادەتیی و هەمیشەیی وەردەگرێت.

٥_ا) زستانان بەفر دەبارێت.

_ب) کارە شەوان/بەشو/هەر شەوێك  کاردەکات.

ناوی کات لە  فرێزی دیاریخەرییدا ``D جێناوی نادیاری  indefinite-pronoun /_تر/   وەردەگرێت.

٦_ا) با ڕۆژێکی تر سەردانتانبکەین، نەك ئەمڕۆ.

_ب) ئێمە گەشتەکەمان بۆ هاوینێکی تر دواخست.

ناوی کات لەگەڵ جێناوی /ئەمە/، /ئەوە/ و پێشناوی /بە/ دا بەکاردەهێنرێت.

٧_ا) بەم ئێوارەیەیش هەر کاردەکەیت؟ (= تەنانەت)،

_ب) بەم ئێوارەیەیش هەر کاردەکات. (= بەردەوام).

ناوەکانی کات بەگشتیی ئەو تایبەتمەندییەیان هەیە، کە لە هەندێك لە ئەدگارەکانیاندا لەگەڵ ئاوەڵکرداری فەرهەنگیی و ئاوەڵکردارییەکاندا هاوبەشن و لە هەندێکی دیکەیاندا جیاوازن.

دووهەم: ئەدگارەکانی ئاوەڵکرداری بنەڕەتیی کات

کاتی بنەڕەتیی وەخت سەربەخۆ لە ڕستەدا بەکاردەهێنرێت.

٨_ ئەو زو/ئێستا/درەنگ/دوێنێ/سبەینێ/ئەمساڵ/ئەمشەو دەگات.

کاتی بنەڕەتیی دیاریخەر وەرناگرێت.

٩_*زووەکە، *ئێستایەك، *سبەینێکان، *ئەمڕۆکان، *ئەمساڵەکان

پاشگری /_ێکیان/ ی جیاکەرەوەی نادیاریی وەرناگرن.

١٠_* زوویەکیان، بەیانیەکیان (ڕۆژی داهاتو)،

مۆرفێمی /_ێك/ ی نادیاریی وەرناگرێت.

١١_ *زووێك، *ئێستاێك،

پاشگری /_ان/ ی عادەتیی و هەمیشەیی وەرناگرێت.

١٢_*زووان، *ئێستایان،

کاتی پلەدار پاشگری بەراوردوباڵا وەردەگرێت. تەنها کاتی بنەڕەتیی وەخت /زوو، درەنگ، دێر/، کە هەم ئاوەڵکردارِیی (١٣_ب) و هەم ئاوەڵناویش بەکاردەهێنرێن (١٣_ا)، ئەم پاشگرە قبووڵدەکات. کاتەکانی /ئێستا، ڕۆژ، ساڵ، و کاتی گشتگر ئەم فۆڕمەی بەراوردوباڵایان نییە.

١٣_ا) کاتێکی زووتر، ڕۆژێك درەنگتر،

_ب) زوترین کات، درەنگترین ڕۆژ.

کاتی بنەڕەتیی لەگەڵ جێناوی /بەمە/ و پاشگری /_ان/ دا دێت. تەنها کاتی بنەڕەتیی وەخت ئەم پاشگرە قبووڵدەکات، کاتەکانی /ئێستا، ڕۆژ، ساڵ، و کاتی گشتگر ئەم بەکارهێنانەیان نییە.

١٤_ا) بەم زووانە، بەم درەنگانە،

هەرچەندە ئاوەڵکردارە بنەڕەتییەکانی وەخت /زوو، درەنگ/ ئاوەڵناویش بەکاردەهێنرێن، بەڵام لەم بەکارهێنانەیشیاندا هەر بە ئاوەڵکردار دەمێننەوەو ئاوەڵکردارییی خۆیان لەدەستنادەن، بۆیە بە وشەی پرسیاری /چۆن/ پرسیاریانلێناکرێت (بڕوانە (٢/٥)!). هەروەها /ئێستا/ تەنها سەربەخۆ لە ڕستەدا ڕوودەدات و تەنها /درەنگ/ یش پاشگری نادیاریی /_انێك/ ی پێوەدەلکێنرێت (١٦).

١٥_ من بەیانی زوو پێتاندەگەمەوە. ("کەی پێماندەگەیتەوە؟" "*کام بەیانییە پێماندەگەیتنەوە؟")

١٦_ ئەو درەنگانێك لە دەرگایداو خۆیکرد بە ژووردا.

سێهەم: ئەدگارەکانی ناوە ئاوەڵکردارییەکان

ناوە ئاوەڵکردارییەکان بەگشتیی لەڕستەدا سەربەخۆ ڕونادەن، بەڵکو لە پێکهاتوودا دەردەکەون[٩].

١٧_ا) ئێمە سەرەتای هەفتە/کۆتایی ساڵ سەردانتاندەکەین.

_ب) دەبێت پێش عەسر بگەینەجێ.

_پ) شەوی پێشوو بارانێکی زۆر باریی،

ناوە ئاوەڵکردارییەکان دیاریخەر وەرناگرن، بەڵام لەمڕووەوە /سەرەتا/ ناوازەیە.

١٨_ا) *کۆتاییەکە، *پێشوەکان،

_ب) سەرەتایەکی سەختمان هەبوو.

ناوە ئاوەڵکردارییەکان پاشگری /_ێکیان/ وەرناگرن.

١٩_ا) *پێشێکیان، *پاشێکیان،

_ب) *سەرەتایەکیان بە خۆشیی دەستپێکرد

پاشگری /_ێك/ ی نادیاریی وەرناگرن.

---

[9] دەربارەی /پێش، پاش، .../ و پێشناوەکان لە زمانی کوردییدا، بڕوانە محەمەدی مەحویی (٢٠١٣_ب) !

٢٠_ *پێشێك، *پێشوێك، *سەرەتاێك،

پاشگری /_ان/ ی عادەتیی و هەمیشەیی وەرناگرن.

٢١_*پێشووان، *پێشیان، *سەرەتایان،

/سەرەتا، کۆتا/ مۆرفێمی /_تر/ وەرناگرن، بەڵام /پێشو، پاش/ ناوازەن.

٢٢_ا) *سەرەتاتر، *کۆتاتر،

_ب) (ڕۆژێکی) پێشو تر، (ڕۆژێك)، پێش تر،

لەگەڵ پێشناوی /بە/، جێناوی /ئەمە/ و پاشگری /_ان/ نایەن.

٢٣_*بەم سەرەتایانە، *بەم پێشووانە.

خشتەی ژمارە (٢): نیشانەکانی پۆلەڕەگەزەکانی ئاوەڵکردار (هاوبەشیی و جیاوازییان)

| ئاوەڵکرداری بنەڕەتیی کات | ئاوەڵکرداریی | ناوی کات |
|---|---|---|
| أ) +سەربەخۆ | _سەربەخۆ | +سەربەخۆ |
| ب) _دیاریخەر | _دیاریخەر | +دیاریخەر |
| ت) _ێك | _ێك | +ێك |
| ث) _ێکیان | _ێکیان | +ێکیان |
| ج) _ان | _ان | +ان |
| ح) +تر | _تر | +تر |
| خ) +بەم ... انە | _بەم ... انە | +بەم ... انە |
| د) +بەم ... ە | +بەم ... ە | +بەم ... ە |
| ذ) _کۆ | _کۆ | +کۆ |

ئاوەڵکرداری بنەڕەتیی کات و ناوە ئاوەڵکردارییەکان تەنها لە بەکارهێنانی سەربەخۆو ناسەربەخۆدا جیاوازن. لەمڕووەوە بەشداریکردنی ناوە ئاوەڵکردارییەکان لە گۆکردنی خراوەتەکیەك و خراوەپاڵیەکەکاندا وەك ئاوەڵکرداریی ئاشکرادەبێت. بەم جۆرە، هاوبەشیی تەواویان لەو ئەدگارانەدا هەیە، کە پۆلەڕەگەزییان دەردەکەوێت.

(أ) ناوی کات لەگەڵ ئاوەڵکرداری بنەڕەتیی کات و ناوە ئاوەڵکردارییەکاندا لە زۆرترین ئەدگاردا جیاوازن (ب_چ).

(ب) ناوی ئاوەڵکرداریی و ناوی کات لەوەیشدا لەیەکجیاوازن کە ئەویان

ناسەربەخۆو ئەمیان سەربەخۆ ڕوودەدات. هەروەها ئەویان /_تر/ وەردەگرێت و ئەمیان وەریناگرێت. تەنها هاوبەشییەك لەنێوانیاندا بەكارهێنانیانە لە (خ) و (د) ی خشتەی ژمارە (١) دا.

(ت) هەر سێ پۆلەڕگەزەكە لە ڕودانی (د) دا هاوبەشن. لەم ئەدگارەدا لەگەڵ ئاوەڵناوی بەناو_كراویشدا هاوبەشن ("بەم جوانییە")، بۆیە ئەم ئەدگارە بۆ پۆلێنكردن و بڕیاردانەكان لەسەر پۆلێنكردنەكان هێند گرنگ نییە..

## ٢/١_١) ئاوەڵكرداری بنەڕەتیی كات

پاش دەركەوتنی هاوبەشیی و جیاوازیەكانی سێ پۆلەڕەگەزەكەی ئاوەڵكردار، لێرەو بەدواوە هەر یەكەیان یەكلەدووی یەك شیدەكرێتەوە: "بەكارهێنانی ئاوەڵكرداریی" هەر پۆلەڕەگەزێك (ا) ڕودان و دەركەوتنی سەربەخۆی پۆلەڕەگەزەكە دەبەخشێت ("شوانە ئێستا دەگات") لەگەڵ (ب) هاتنی لە پێكهاتوودا لەپێش جومگەی دوهەمەوە ("پێش ساڵێك"). (پ) لە "بەكارهێنانی ئاوەڵناویی" دا، پۆلەڕەگەزەكانی ئاوەڵكردار لەدوای جومگەی یەكەمەوە دێن، واتە وەك ئاوەڵناو ڕودەدەن و دەردەكەون ("ساڵی پێشوو"). هەر "پێكهاتوویەكی خستنەپاڵیی" بە /ی/ خستنەپاڵەوە، "خستنەپاڵی بەیارمەتی" یە (پ). "پێكهاتووی خراوەتەكیەك" بەبێ /ی/، پێكهاتووی خستنەتەكیەكییە (ب). (ت) ڕودانی كرداربەندیانە، دەركەوتنی جومگەیەكە لەگەڵ كرداری لاوازدا ("هێشتا زووە"). ئەم ڕودانە جیاوازە لە ڕودانی جومگەی ناكرداریی كردارەلێكدراوەكان (/خوێنڕشتن/ "خوێنێكی زۆری ڕشت تا كۆتایی بە ڕژێمەكەی هات" : "ئەوەی تۆ دەیكەیت خوێنڕشتنە").

١) ئاوەڵكرداری وەخت (/زو، درەنگ، دێر/)

ئاوەڵكردارە وەختییەكان سەربەخۆ لە ڕستەدا وەك ئاوەڵكردار لە جێكەوتەی خۆیاندا ڕودەدەن و دەردەكەون (٢٤) و لە خراوەتەكیەك (٢٥_ا) و خراوەپاڵیەكاندا (٢٦) ئاوەڵناویش ڕودەدەن. واتە، لە خراوەتەكیەكاندا ئاوەڵكرداریی ڕونادەن. بۆیە (٢٥_ب) و (٢٦_ب) ڕێگەپێنەدراون، چونكە ئاوەڵكردارەكانیان لە جێكەوتەی خۆیاندا نین.

٢٤_ ئێمە زوو نانی نیوەڕۆمان خوارد.

٢٥_ا) ئەو بەیانی زوو گەیشت.

_ب) *ئەو زو بەیانی گەیشت

٢٦_ا) ئەو بەیانییەكی زوو گەیشت.

_ب)* ئەو زو بەیانییەكی گەیشت

١) ئاوەڵکرداری هەنوکەیی و ڕۆژ

أ) ئاوەڵکرداری هەنوکەیی

ئێستا، هەنوکە،

دەستبەجێ، دەمودەست

ب) ئاوەڵکرداری ڕۆژ

دوێنێ، پێرێ، بەسرپێرێ،

سبەینێ، بەیانی، دوبەیانی

دەربڕەدەربڕاوەکانی "هەر ئێستا"، "بەسربەسرپێری" و "سێ بەیانی، چواربەیانی" بۆ یەکەم جار وەك فرێز لە ڕستەدا ئاوەڵکردارییانە دەردەکەون. ئەم دەربڕاوانە لە شێوەی /بەسرپێرێ، دوبەیانی/ دا نەبونەتە وشەی ناو فەرهەنگ. بەکارهێنانەوەی چەندین_بارەی پێشگری /بەسر/ یان وشەژمارەی دو، سێ، چوار لەپێش ئاوەڵکردارەکەوە، هەرچەندە سنورداره، بەڵام ئەوە نیشاندەدات، کە دەبێت وەك فرێز حسابیان بۆبکرێت. هاوشێوەی ئەم پرۆسەیە لە مۆرفۆلۆژییشدا لە حاڵەتی تری وەك /برا/، /برازا، برازازا، .../ دا دەبینرێتەوە[10]. بە هەر حاڵ، ئاوەڵکردارەکان کات و ڕۆژ دیاریدەکەن.

ئاوەڵکرداریيە ڕۆژییەکان (/ئێستا، پێرێ/) لەجێکەوتەی ئاوەڵکرداردا سەربەخۆ ڕودەدەن (٢٧). /ئێستا/ فۆڕمی هەڵگوێزراو یان شکاوەی وەك /بەسرپێرێ/ ی نییە. /پار/ لە خراوەتەکیەکاندا ئاوەڵکرداریی (٢٨_ا) و لە خراوەپاڵیەکاندا ئاوەڵناویی (٢٨_ب) دەردەکەوێت. گشت فرێزەکە بە /کەی/ پرسیاریلێدەکرێت. تەنها لە فرێزی خستنەپاڵییدا دەتوانرێت پرسیار بەجیا لە /پار/ یش بکرێت (٢٨_ب)، کە تێیدا ئاوەڵکرداریی خۆی دەپارێزێت. ئاوەڵفرێزی "پار هاوین" دەبڕاوی "پار لە هاوین" دای هەیە.

٢٧_ ئازاد ئێستا/پێرێ/پار/پێرار گەیشت. ("کەی گەیشت؟")

٢٨_ا) ئازاد پار هاوین گەڕایەوە. ("کەی گەڕایەوە؟")

_ب) ئازاد پار، هاوین گەڕایەوە. ("کەی گەڕایەوە؟"، "پار، کەی گەڕایەوە؟"، "کەی، هاوین گەڕایەوە؟"

_پ) ئازاد هاوینی پار گەڕایەوە. (کەی گەڕایەوە؟، هاوینی کەی گەڕایەوە؟)

٢) ئاوەڵکرداری ساڵ

نمونەکانی (٢٨) نیشانیدەدەن، کە ئاوەڵکردارەکانی ساڵ (/پار، پێرار، بەسرپێرار/) هەم ئاوەڵکرداریی و هەم ئاوەڵناوییش بەکاردەهێنرێن. هەروەها ئەمانیش سەربەخۆ لە جێکەوتەی خودی ئاوەڵکرداردا ڕودەدەن (٢٧).

[10] دەربارەی پرۆسە مۆرفۆلۆژیەکان بروانە محەمەدی مەحوی (٢٠١٠) و (٢٠١١) !

٣)ئاوەڵکرداری گشتگر

وشەکانی /هەمیشە، دایم/ تەنها وەك ئاوەڵکردار لە جێکەوتەی ئاوەڵکرداردا گۆدەکەن (٢٩). واتە، لە خراوەتەکیەك و خراوەپاڵیەکەکاندا بەکارناهێنرێن. لەم ئاوەڵکردارانە، بە پاشگری /_یی/ ئاوەڵناوەکانی /هەمیشەیی، دایمیی/ هەڵدەگوێزرێن و بە /چۆن/ پرسیاریانلێدەکرێت (٣٠).

٢٩_ نەوزاد هەمیشە نان زۆر دەخوات. (نەوزاد کەی نان دەخوات؟)

٣٠_ بونێکی هەمیشەیی هەیە. (بونێکی چۆنی هەیە؟)

٢_١/٢) ناوی ئاوەڵکرداریی

پۆلەڕەگەزە ئاوەڵکردارییەکان لە بنەڕەتدا ئاوەڵکردار نیین، بەڵکو سەر بە کاتەگۆریی ناون.

یەکەم: ناوی ئاوەڵکرداریی_کاتیی ناجێگیر ئەوە دەبەخشێت، کە بەپێی جومگەی دوەهەمی خراوەپاڵیەکەکە وەك ئاوەڵکرداریی کات یان شوێن ڕودەدات و دەردەکەوێت.

أ) ناوی جەمسەریی ناون بۆ سەرەتاو کۆتایی کاتی ڕودانێك یان شوێنێك/چشتێك. وشەکانی /سەرەتا، ناوەڕاست، کۆتا/ تەنها ئاوەڵکرداریی لەگەڵ ناوی کاتدا (٣١_ا) و (٣١_ب) دەبیینرێنەوە.

٣١_ا) سەرەتای/ناوەڕاستی/کۆتای/ هەفتە کەلوپەلەکانمان بۆدەنێرن.

_ب) *هەفتەی سەرەتا/ناوەڕاست/کۆتا

ب) لەناو فرێزدا، فۆڕمی شکاوەیش ڕودانی هەیە.

٣٢_هەفتەی یەکەمی سەرەتای ساڵی ڕابوردوو بڕوانامەکەی وەرگرت.

بەپێچەوانەی ئەو سیانەوە (/سەرەتا، ناوەڕاست، کۆتا/)، /ئاخر/، کە وشەیەکی بیانیی لە عارەبییەوە وەرگیراوە، هەم ئاوەڵکرداریی و هەم ئاوەڵناوییش بەکاردەهێنرێت (٣٣_ا، ب). هەروەها لە خستنەتەکیەکیشدا دەردەکەوێت (٣٣_پ). /ئاخر/ واتای (کۆتایی) هەیە، بۆ کەس و کاتیش بەکاردێت و لە دەربڕاوی وەك "ئاخروئۆخریەتی" (کۆتاییەتی) و "ئاخری دێت" (کۆتایی دێت) دا ئاشکرایە. لەگەڵ ئەوەیشدا "بە کۆتا دەگات" لەگەڵ *"بە ئاخر دەگات" دا هاوواتا نیین، چونکە /کۆتا/ بۆ کاتە. /ئاخری ساڵ/ (کۆتایی ساڵ) وشەیەکی سەربەخۆی بە لێکسێمبووە.

٣٣_ا) ئاخری ساڵ/ڕێگاکە پڕکێشەیە.

_ب) ساڵی ئاخر، ڕێگای ئاخر،

_پ) ئاخر ساڵی خوێندنکەیەتی.

ناوی جەمسەریی /سەرەتا/ لەگەڵ پێشناوی "لە" دا بەبێ ناوی کاتیی، واتە بە تەنها، ڕوودەدات. دەرنەبڕینی جومگەیەکی فرێزی خستنەپاڵیی لە زمانی کوردییدا دیاردەیەکی بەربڵاوی یاسابەندە ("لە سەرەتای پڕۆژەکەدا").

٣٤_ سەرەتا/لە سەرەتادا هەر ئێمە کارماندەکرد. ("لە کەیدا هەر ئێوە کارتاندەکرد؟")

ب) ناوی دوا_جەمسەر (/کۆتایی، ئاخریی/) جۆری دوهەمی ناجێگیرەکانەو جیاواز ڕوودەدات: /کۆتایی/ تەنها ئاوەڵکردارییی بەکاردەهێنرێت، ئەگەر لە فرێزی فراوانکراوەدا نەبێت (٣٥_پ).

٣٥_ا) کۆتایی هەفتە/ڕێگاکە خۆشدەبێت.

_ب) *هەفتەی کۆتایی دێن (=دوا هەفتە) /*ڕێگای کۆتایی

_پ) هەفتەی کۆتایی مانگی ڕابوردوو سەردانیانکردیین.

فۆڕمی هەڵگوێزراوی /ئاخریی/ ناوە. /ئاخری ساڵ/ و "ئاخریی ساڵ" هاوواتا نین ((٣٦) : (٣٧_٣٩)). ناوی دواجەمسەری /ئاخریی/ لە خراوەپاڵیەك و خراوەتەکیەکدا ڕونادات. لەبەرئەوە بەگشتیی لە کرداربەندییدا یان لەگەڵ پێشناوی "لە" دا دێت (٣٦). چونکە /ئاخریی/ (تەواوبوون) و /کۆتایی/ (دواییهاتن) هاوواتای تەواو نین، واتای جیاوازو بەکارهێنانی جیاوازیشیان (٣٨، ٣٩) هەیە. دیارە، کە ئەم جیاوازیانە لە بەکارهێنانی جیاوازی ئاوەڵکردارییاندا دەردەکەوێتەوە: لە فرێزی پێشناوییدا شوێن (٣٦) یان کات (٣٧_ب، ٤٠_ب) دەردەبڕن و بەم پێیە بە /کوێ، کەی/ پرسیاریانلێدەکرێت. لە بەکارهێنانەکانی دیکەدا ناون و بە /چی، چەند/ پرسیاریانلێدەکرێت. بەکارهێنانی کرداربەندانە باشترین نمونەیە بۆ ئەمیان (٣٧_ا) و بونیەتی وەك بەشێکی پێکهێنەری خودی کردارەکە (٣٨_ا، ٤٠_ا).

٣٦_ کارەکەمان گەیشتۆتە کۆتاییەکەی/ئاخریەکەی. ("کارەکەتان گەیشۆتە کوێ؟")

٣٧_ا) دیارە، ئاخرییەتی/کۆتاییەتی. ("چییەتی؟")

_ب) لە ئاخرییدا/کۆتاییدا هەر خۆمان دەیبەینەوە. ("لە کەیدا هەر خۆتان دەیبەنەوە؟")

٣٨_ا) کۆتاییان/دواییان هەر دێت. ("لەناودەچن، دەمرن) (چییان لێدێت؟")

_ب) *ئاخریمان هەر دێت

٣٩_ا) من ئاخریین کەسم. ("تۆ چەندەمیین کەسیت؟")

_ب) *من کۆتایترین کەسم

٤٠_ا) کۆتایی بە مردنی ئەوان هات. بە مردنی ئەوان کۆتاییهات. ("بەچی کۆتاییهات؟")

_ب) ئاخریەکەی بە مردنی ئەوان تەواو بوو. ("کەی تەواوبوو؟")

وشەی /سەرەتایی/ لە پۆلەڕەگەزی ناوە، ئاوەڵناویی ڕودەدات و بە وشەی پرسیاری /چی/ پرسیاریلێدەکرێت. لە فۆڕمەکانی بەراوردوباڵادا بەکارهێنانی ئاسایی ئاوەڵناویی (٤١_ان ب) و ناویی (٤١_پ) هەیە.

٤١_ا) قوتابخانەی سەرەتایی، ("قوتابخانەی چی؟")

_ب) کارەکەی ئەمساڵتان سەرەتاییترە لەوەی پارتان. ("چیترە؟")

_پ) کارەکەی ئەمساڵتان سەرەتایترین کارتانە. ("چیترین کارە؟")

ناوی سەرە/نۆرە:

ناوی سەرە تایبەتمەندیی ناوی کاتی ناجێگیری هەیە. ناوی سەرە/نۆرە هەمیشە ئاوەڵکرداریی بەکاردەهێنرێت: لە خراوەتەکیەکەکاندا کات و لە خراوەپاڵیەکەکانیاندا شوێن بەرجەستەدەکەن. لە فۆڕمی خراوەتەکیەکدا، بەلێکسێمبوی زۆری ناوی سەرە دەبینرێتەوە (/پێشوەخت، پێشنیوەڕۆ، .../). پێدەچێت جومگەی دووهەم، ئەگەر ناوی کات یان شوێن بێت، کاریگەریی لەسەر دەربڕینی کاتیی یان شوێنیی ناوی سەرە هەبێت. ئەم بۆچونەیان گریمانەیەکی بەهێز نییە.

٤٢_ا) پێشی خانوەکەیان بەردی مەڵکەنییە. ("کوێی خانوەکەیان؟")

_ب) ئەو لەسەر کورسیەکەی پێشی منەوە/بەردەمی من دانیشتووە. ("کورسیەکی کوێ؟")

٤٣_ا) ئێمە پێش عەسر دەگەین. ("کەی دەگەن؟")

_ب) ئەو پێش من دانیشت. (پێش ئەوەی من دانیشم، ئەو دانیشت) ("کەی دانیشت؟")

٤٤_ا) کوردی پێش حەفتاکان بەم جۆرە بیریاندەکردەوە. ("کوردی کەی؟")

_ب) کوردی ساڵانی پێش حەفتاکان بەم جۆرە نەدەژیان. ("کوردی کەی؟"، "ساڵانی کەی؟")

ناوی سەرە: ناوی سەرەی /سەر/ لە فرێزی خستنەپاڵیدا ئاوەڵکرداریی گۆدەکات و لە وشەی فرێزیی بەلێکسێمبووی لەم چەشنەیشدا هەیە (/سەری ساڵ، سەری مانگ/). لە ناوچەکانی گەرمیان فۆڕمی خراوەتەکیەکی ئاساییە (/سەرساڵ، سەرمانگ/). لەگەڵ ناوی چشت و شوێندا چشت یان شوێن دەردەبڕێت (٤٤). لە حاڵەتی دووهەمدا واتای (سەرەتا) ی هەیە (٤٤_ب).

٤٤_ا) سەری گوریسەکە بگرە !    ("چی بگرم؟")

_ب) سەری ڕێگاکە گیراوە.          ("کوێ گیراوە؟")

دووهەم: ئاوەڵکرداری ئاوەڵناویی تێپەڕین (پێشوو، ڕابوردوو، داهاتوو)

ئەم ئاوەڵکردارە ئاوەڵناوییانە بەگشتیی ئاوەڵناویی بەکاردەهێنرێن و بە /کەی/ پرسیاریانلێدەکرێت (٤٥_ا). کاتێك لە ڕستەدا سەربەخۆ ڕوودەدەن وەك ئاوەڵکرداری کات گۆدەکەن و وشەی پرسیاری /کەی/ و /چی/ یان بۆبەکاردەهێنرێت (٤٥_ب، پ).

٤٥_ا) شەوی/پێشوو/ڕابوردوو/داهاتوو.        ("کەی؟، "شەوی کەی؟")

_ب) (زەمانی) ڕابوردو بە شەڕ کۆتایی هات.            ("کەی/چی؟")

_پ) ڕابوردویەکی باشیان نییە، تاوەکو شانازیی پێوەبکەن. ("چی باشیان نییە؟")

لەگەڵ پێشناوی "لە" دا کات (٤٦_ا) و لەگەڵ "بە" دا شوێن (٤٦_ب) نیشاندەدەن. لەگەڵ پێشناوی "بۆ" یشدا هەردوکیان (٤٦_پ). ئاشکرایە، کە "بۆ" پێشناوی ئاڕاستەیە بۆ شوێنیش ("بۆ سلێمانی") و بۆ کاتیش ("بۆ بەیانی"). "بەرەو" یش وەك ئەو پێشناوە بۆ هەردوکیان بەکاردەهێنرێت (٤٧).

٤٦_ا) ئەوان لە ڕابوردودا زۆر هەژار بوون. ("لەکەیدا؟")

_ب) ئەو بە ڕابوردویەوە دەنازێت. ("بە چیەوە؟")

_پ) ئێمە ناگەڕێینەوە بۆ ڕابوردوو. ("بۆکەی؟"، "بۆ چی؟")

٤٧_ا) ئێمە بەرەو داهاتوو هەنگاودەنێین. ("بەرەو کوێ/چی؟")

_ب) ئێمە بەرەو داهاتویەکی باشتر هەنگاودەنێنین. ("بەرەو چییەکی باشتر؟")

وشەی /ئایندە/ یش هەر ئەو دیاردانە نیشاندەدات.

٤٨_ا) ئایندەمان ڕۆشن نییە.                    ("چیتان نییە؟")

_ب) ئایندەیەکی باش چاوەڕێیانناکات.          ("چی؟"، "ئایندەیەکی چۆن؟")

٤٩_ا) ساڵی ئایندە دەست بە خوێندن دەکات.      ("کەی"ن "ساڵی کەی؟").

_ب) لە ئایندەدا هەر سەردەکەون.              ("کەی"، "لەکەیدا؟")

_پ) بۆ/بەرەو ئایندەیەکی باشتر دەچن.          ("بۆ چی/بەرەو چی؟")

٣_١/٢) ناوی کات

شا_ناوەکانی /سەدە، ساڵ، وەرز، مانگ، هەفتە، ڕۆژ/ سەربەخۆ وەك ئاوەڵکردار_ئاسا ڕونادەن. لە (٥٠_ا) دا /ساڵ/ وەك ناو گۆدەکات، واتای گشتیی هەیەو بە /چی/ پرسیاریلێدەکرێت. لە خستنەپاڵیەکەکاندا، کە ئەگەری دەرنەبڕیین لە ئارادایە، ئاوەڵکردار_ئاسا ڕووینەداوە (٥٠_ب). ئەو وشانەی بۆ ناولێنانی کاتن (بڕوانە وەچەگروپەکانی هەر یەك لە /سەدە، ساڵ، مانگ، هەفتە، شەووڕۆژ، سات، .../!) بە گشتیی لە ڕستەدا لە جێکەوتەی ئاوەڵکرداردا ئاوەڵکردارئاسا گۆدەکەن و وشەی پرسیاری /کەی/ یان بۆ بەکاردەهێنرێت ((٥١) : (٥٠)). تەنها ناوەکانی شەووڕۆژ لەناو ناوەکانی کاتدا لەگەڵ ئاوەڵکرداری وەختدا خستنتەکیەکیی ڕودەدات (٥٢_ا).

٥٠_ ا) ساڵ تێدەپەڕێت و ئەوان هەر بەخۆیان نەزانیوە. ("چی تێدەپەڕێت؟")

_ب) (وەرزی) هاویین گەرمە. ("کەی؟"، "کام وەرزە؟"، "چی؟")

_پ) (مانگی) ئازار پڕ ئازاربوو بۆمان. ("چ مانگێك؟"، "کام مانگە؟"، "کەی؟")

٥١_ا) ئەو (وەرزی) هاویین کارناکات. ("کەی؟")

_ب) ئێمە (ڕۆژی) شەممە کارناکەین. ("کەی؟")

_پ) ئەوان بەیانی موچە وەردەگرن. ("کەی؟)

٥٢_ا) ئێمە بەیانی زو دەگەین. ("کەی دەگەن؟")

_ب) ئێمە دوێنێ، درەنگ بە ڕوداوەکەمان زانی. ("کەی بەڕوداوەکەتان زانیی؟")

بەشێوەیەکی گشتیی، ناوی کات لەگەڵ ئاوەڵکرداری کات و ناوە ئاوەڵکردارییەکاندا خستنەتەکیەکیی بەکاردەهێنرێت (٥٣). ناوی کات و ئاوەڵکرداری وەخت لە فۆرمی فرێزی دیاریخەرییدا دێن (٥٤). ناوی ڕۆژەکانی هەفتە لەگەڵ ئاوەڵکرداری کات (ساڵ) (٥٥) و ناوی کات (شەووڕۆژ) لەگەڵ ئاوەڵکرداری کات (شەووڕۆژ) (٥٦) ڕودەدەن.

٥٣_ا) ساڵی پار (ناوی کات و ئاوەڵکرداری کات)

_ب) شەوی ئازار،

_پ) نیوەشەوی ئازار

٥٤_ا) *هاویین زوو،

_ب) *هاوینی زوو، (هاوواتا نییە لەگەڵ "هاوێنی (سەردەمانی) زوو" دا)

_پ) هاوینێکی زوو/درەنگ

٥٥_ سیروان ئازاری پێرار ژنیهێنا.

٥٦_ا) عەسری دوێنێ بارانباریی.

_ب) دیوارەکە نیوەشەوی پێرێ داڕما.

ناوی کاتی شەووڕۆژ لەگەڵ ئاوەڵکرداری کات/ساڵ نایەت (*نیوەڕۆی پار)، بەڵام ناوی کاتی شەووڕۆژ لەگەڵ ئاوەڵکرداری کات ڕودەدات (٥٧_ا).

٥٧_ا) دوێنێ بەیانی،

(سەرلە)بەیانی دوێنێ،

_ب) بەیانی، (سەرلە)بەیانیەکەی،

سەرلەبەیانی، بەیانی،

ناوی کات و ناوی ئاوەڵکردارییش هەر خستنەپاڵیی لەگەڵ یەکتریدا دەبینرێنەوە (٥٨). ناوی ئاوەڵکرداریی(سەرە/نۆرە) و ناوی کات (وەرز/مانگ) پێکەوە دێن (٥٩). ناوی ئاوەڵکرداریی (دواجەمسەر) و ناوی کاتیش (ساڵ، وەرز، مانگ) پێکەوە ڕودەدەن (٦٠). پێکەوەهاتنی ناوی کات و ناوی ئاوەڵکرداریی (ئاوەڵناوی تێپەڕیین) ئاسایی و ڕێکوڕاستە (٦١).

٥٨_ا) سەرەتای/کۆتایی هاوین،

_ب) سەرەتای مانگ/ئازار،

٥٩_ ا) پێش هاوین/ئازار،

_ب) پێش ساڵی نوێ،

٦٠_ ا) کۆتایی ساڵ/هاوین/ئازار،

_ب) کۆتایی سەدەی پێشوو،

٦١_ا) سەدەی/هاوینی/ئازاری پێشوو،

_ب) *بەیانی پێشوو/ڕبوردوو.

لەناو ناوەکانی کاتدا، هەندێك خستنەپاڵیی ناوەکان ڕودەدەن: ناوی وەرز لەگەڵ ناوی مانگ (٦٢_ا)، ناوی مانگ و ناوی ساڵ (٦٢_ب)، ناوی وەرزو ناوی ساڵ (٦٢_پ) و ناوی کاتی شەووڕۆژ لەگەڵ ناوی ڕۆژەکانی هەفتە (٦٣). بیشڕوانە فراوانکردنەوەکان ("عەسری چوارشەممەی داهاتوو").

٦٢_ا) بەهاری/مانگی ئازار،

_ب) ئازاری ئەم ساڵ/١٩٧٢،

_پ) بەهاری ساڵی داهاتوو/ساڵێکی تر/١٩٨٠،

٦٣_ا) بەیانی شەممە،

_ب) سەرلەبەیانی هەینی،

_پ) عەسری چوارشەممە.

خشتەی ژمارە (٣): ئاوەڵکرداری کات

| خستنەتەکیەك | زوو | درەنگ | دێر | ئێستا | هەنوکە | دوێنێ | بەیانی | پار | هەمیشە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ئاوەڵکرداریی | – | – | – | – | – | + | + | + | – |
| ئاوەڵناویی | + | + | + | – | – | + | + | – | – |
| +ناوی کات | – – | – | – | – | – | + | + | + | – |
| +ئاوەڵکرداریی | – | – | – | + | – | – | – | – | – |

خشتەی ژمارە (٤): ئاوەڵکرداری کات

| خستنەپاڵیەك | زوو | درەنگ | دێر | ئێستا | هەنوکە | دوێنێ | بەیانی | پار | هەمیشە |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ئاوەڵکرداریی | – | – | – | – | – | – | – | – | – |
| ئاوەڵناویی | – | – | – | – | – | + | + | + | – |
| +ناوی کات | – – | – | – | – | – | + | + | + | – |
| +ئاوەڵکرداریی | – – | – | – | – | – | + | + | + | – |

تێبینی:

ا) هاوبەشیی ئاوەڵکردارەکانی کات لەوەدایە، کە هەموویان سەربەخۆ ڕودەدەن و دەردەکەون.

ب)چەشنەکانی ئاوەڵکرداری کات (/وەخت، ئێستا، ڕۆژ، ساڵ، گشتگر/) هاوبەشن لە ڕودان و ڕونەدانی خستنەتەکیەکیی و خستەپاڵیەکییدا.

پ)ئاوەڵکرداری کاتی ئێستاو گشتگر سەربەخۆ ڕودەدەن و دەردەکەون، واتە لە خراوەتەکیەك و خستنەپاڵیەکدا ڕونادەن. لەم ڕووەوە خۆیان لە ئاوەڵکرداری وەخت جیادەکەنەوە.

خشتەی ژمارە (٥): ئاوەڵکردارییەکان

| خستنەتەکیەك | سەرەتا | ناوەڕاست | کۆتا | (کۆتایی | ئاخریی) | پێش | پاش | بەرلە | پێشوو | داهاتوو |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ئاوەڵکردارىی | − | − | − | − | − | − | − | − | − | − |
| ئاوەڵناویی | − | − | − | − | − | + | − | − | − | − |
| +ناوی کات | − | − | − | + | + | + | + | − | − | − |
| +ئاوەڵکرداری کات | − | − | − | − | − | + | − | − | − | − |

خشتەی ژمارە (٦): ئاوەڵکردارییەکان

| خستنەپاڵیەك | سەرەتا | ناوەڕاست | کۆتا | (کۆتایی | ئاخریی) | پێش | پاش | پێشوو | داهاتوو |
|---|---|---|---|---|---|---|---|---|---|
| ئاوەڵکردارىی | + | + | − | + | + | − | − | − | − |
| ئاوەڵناویی | − | − | − | (−) | − | − | − | + | + |
| +ناوی کات | + | + | − | + | − | − | − | + | + |
| +ئاوەڵکرداری کات | + | − | − | − | − | − | − | − | − |

تێبینی:

(أ) هاوبەشیی ناوە ئاوەڵکردارییەکان لەوەدایە، کە سەربەخۆ نیین.

(ب) ناوە ئاوەڵکردارییەکان تەنها لەگەڵ ناوی دواجەمسەرو ناوی سەرە/نۆرەدا خراوەتەکیەکیی دێن و دەگمەن پێکەوە لەگەڵ ئاوەڵکرداری کاتدا ڕودەدەن ("پێش ئێستا").

(أ) سەربەخۆ دەگمەن ڕودەدەن ("سەرەتا هەر ئێمە لێرەبووین").

(ب) ئاوەڵکردارییەکان بە شێوەیەکی سەرەکیی لەگەڵ ناوی کاتدا دێن، بەتایبەتیی لە دروستەی خستنەپاڵییدا.

کەواتە جیاوازیی ئاوەڵکرداری کات و ناوە ئاوەڵکردارییەکان لەوەدایە، کە لەناو ئاوەڵکرداری کاتدا تەنها ئاوەڵکرداری ڕۆژو ساڵ لەگەڵ ناوی کاتدا دێن و کە ئەوانەی دواییان ("ناوی دواجەمسەرو سەرە/نۆرە لە خراوەتەکیەك و ناوی جەمسەریی لە خستنەپاڵیەکەکاندا بەزۆریی لەگەڵ ناوی کاتدا ڕودەدەن.

### ٢/٢) ئاوەڵکردار لەڕووی فۆڕمەوە

لە لێکۆڵینەوەو گفتوگۆکاندا لەسەر ئاوەڵکرداری کوردیی، ئاوەڵکرداری سادە لە ناسادەکان (لێکدراوو هەڵگوێزراو) لەیەکجیاکراونەتەوە[11]. لە هەندێکیاندا، تەنانەت ناو یان ئاوەڵناویش بە ئاوەڵکردار دانراون، بەبێ ئەوەی شیکردنەوەی تەواو بۆ جیاکردنەوەو پۆلێنکردنیان کرابێت یان بە بەکارهێنان و جێکەوتەکانی ناو دروستەی پێکهاتوەکانەوە بەسترابێتنەوە. هەروەها ئاماژەیش بە فرێزە پێشناوییەکان دراوە، بەبێ ئەوەی لەڕووی سێمانتیکیی و سینتاکسییەوە لێکۆڵینەوەی ئامانجێکیان لەسەرکرابێت.

ئاوەڵکردارە ناسادەکان لەڕێی پرۆسەکانی وشەدروستکردنەوە لە کاتەگۆریەکانی ناوو ئاوەڵناو دروستبوون و بوون بە لێکسێمی سەربەخۆ. ژمارەیەکیش لە سینتاکسدا بەرهەمدەهێنرێن و بەکاردەهێنرێن. واتە هەندێکیان خراوەتەکیەکی مۆرفۆلۆژیانەو هەندێکی تریان پێکهاتووی سینتاکسیین. بەدەر لەو دوو پێکهاتووە، فرێزە پێشناوییەکان و ڕستەی ئاوەڵکرداریش هەن.

١) وشەی مۆرفۆلۆژیی بە لێکسێمبوو:

٦٤_) ئاوەڵکرداری هەڵگوێزراو:

ا) پاشگری /_ان/ ی کاتیی، کە بە ناوی ئاوەڵکرداریی /پێش، پاش/ ەوە دەلکێن: پاش_ان، پێش_ان،

_ب) پاشگری /_و/ کاتیی، کە تەنها /_پێش/ وەریدەگرێت: پێش_وو، *پاشوو، /پاشوو/ (بەواتای شوێنەوە)، ڕابورد_وو، داهات_وو،

_پ) پاشگری /_ان/ ی ناوی عادەتیی و هەمیشەیی: شەو_ان (هەر شەوێك)، ئێوار_ان، بەیانی_ان، هاوینان، بەهاران. ناوی کات ئەو پاشگرە پەسەنددەکات، بەڵام شاناوی کات وەریناگرێت: *سەدان، *ساڵان، *مانگان، *هەفتان، *ڕۆژان. دەربڕاوی ئیدیەمیی ناوازەن: "ڕۆژان ڕۆژی لەدوایە".

_ت) پاشگری /_انە/ ی کاتیی: شەو_انە (بەشەو)، ڕۆژ_انە (بە ڕۆژ)، شەووڕۆژ_انە، ساڵ_انە (هەر ساڵێك)، مانگ_انە (هەر مانگێك)، هەفت_انە، (*سەدەانە، *کاژێرانە/*سەعاتانە)،

_ج) /_ێ/ ی کاتی دیاریکراو: شەو_ێ، هاوین_ێ، بەهار_ێ (ئەم شەو، ئەم هاوینە، ئەم بەهارە)،

_ج) سەر_ەتا: *سەرەتا_یی، کۆتا: کۆتا_یی، (وەك ئاوەڵناو)،

_چ) بەسرپێرێ،

---

[11] ئەورەحمانی حاجی مارف (١٩٩٨، )، کۆڕی زانیاری کورد (٢٠١١)، لێژنەیەك لە وەزارەتی پەروەردە (٢٠١١)، نەریمان خۆشناو (٢٠١٢) و ڕێزمانەوانی تر.

هەندێك پاشگر ئاوەڵناوی چۆنیەتیی بەرهەمدەهێنن و لە ڕستەدا بە /چۆن/ پرسیاریانلێدەکرێت: منداڵانە، کوڕانە، کچانە، کەرانە، بێ ئەقڵانە، بێ باکانە، ... هتد. (بیشڕوانە (٦٥_ا)!).

٦٥_ ئاوەڵکرداری لێکدراو:

ا_) لێکدراوی وشەیی: پێش_نیوەڕۆ، پاش_نیوەڕۆ، نیوە_شەو، شێر_ئاسا، سبەی_بەیانی، دوسبەی، خۆت_ئاسا، پشاتوپشت، یەکسەر، یەکجارەکیی، یەکشەممە، نیوەشەو، نیوەڕۆ، لەسەرپشت، لەسەرلا، سەرلەنوێ، دەستەوئەژنۆ،

_ب) لێکدراوی فرێزیی: سەر_ی_ساڵ ("سەرەتای ساڵ")، سەر_ی_مانگ (سەرەتای مانگ)، دوا_ی_نیوەڕۆ (کۆتایی هەفتە").

٦٦_ شکانەوەی فۆڕمی ناوەوە لەگەڵ پێشگردا

_ا) پار پێرار بەسرپێرار،

_ب) دوێنێ پێرێ بەسرپێرێ،

_پ) شەو سبەیشەو دوسبەیشەو،

_ت) بەیانی دوبەیانی سێبەیانی،

٦٧_ ئاوەڵکردار: فرێزو بەلێکسێم_نەبوەکان

"دوا هەفتە، بەسر بەسر پێرار، سبەی شەو، سبەی ئێوارە، سبەی بەیانی، دوسبەی شەو، سێ سبەی شەو، بەیانی زوو، بەیانی درەنگانێك، سبەی ئێوارە درەنگانێك، دوێنێ پێش نیوەڕۆ، پێرێ دوای عەسر، پێرێ شەو، پێرێ شەو درەنگانێك، کۆتایی ساڵ"، سەرەتای هەفتە، سەرەتای ڕۆژ، سەرەتای مانگ، سەرەتای مانگ، سەرەتای سەدە، عەسری دوێنێ، نیوەڕۆی بەسرپێرێ، ئێوارەی دوێنێ، دوای عەسر، دوای ئێوارە، دوای سەری مانگ

أ) پێش سەری مانگ، دوای سەری ساڵ

ب) لەگەڵ /_ان/ ی کۆو /_ێك/ ی نادیاریدا: درەنگانێك (وەختێکی درەنگ)، ئێوارانێك (چەند ئێوارەیەك)، بەیانیانێك (هەندێك ئێواران/بەیانیانی دیارینەکراو)،

ت) لەگەڵ /_ێك/ ی نادیاریی و /_یان/ ی جیاکەرەوە دا: ڕۆژێکیان، شەوێکیان، مانگێکیان، ساڵێکیان ("ڕۆژێك لە ڕۆژان، شەوێك لە شەوان، ساڵێك لە ساڵان") : مانگێکیان/*مانگێك لە مانگان، *سەدەیەکیان/سەدەیەك لە سەدەکان.

ث) کۆتایی هەفتە (هەینی)، کۆتایی ڕۆژ (ئێوارە)، *سەری ڕۆژ، *سەری شەو، *زووانێك،

*دێرانێك، *هەفتەیەكیان،

ج) نم نم، جوان جوان، هێدی هێدی، وردە وردە، دەستەدەستە، پۆل پۆل، هەرگیزاو هەرگیز،

ح) بەیانی، سەرلە بەیانیەکەی،

دوێنێ، دوای بانگی ئێوارە،

پێرێ، عەسرێکی_درەنگ،

سەری_ساڵی ڕابوردوو، سەری ساڵی_ڕابوردوو، کۆتایی ساڵی_داهاتوو، کۆتایی_ساڵی داهاتوو،

وەرزی_هاوینی پار، دوای بانگی_عەسر،

خ) زستانە_سەختەکەی پێشوو، هاوینە_گەرمەکەی پار، هاوینە_گەرمەکەی ساڵ_ڕبوردوو،

د) ساڵی دوا تر، ساڵێکی دوا تر، هەفتەیەکی دێر تر، کاتێکی تر، دواترین ڕۆژ، درەنگترین کات.

ذ) بەزویی، (*بەدرەنگیی، *بەدێریی)

ر) بەم زووانە، بەم درەنگانە (*بەم دێرانە)

ز) بەم درەنگە، بەم دێرە، بەم زووە،

س) پێشناوی /بە/ لەگەڵ ناوی کاتی دیاریکراودا: بە هاوین_ێ، بە شەوێ: ("کەی"؟)

ش) پێشناوی /بە/ لەگەڵ ناوی حاڵەت: بە سوار_یی، بە دڵشکاو_یی، بە سەربەرز_یی، بە ڕوخۆش_یی: ("چۆن؟").

ئەوەی گرنگ و بڕیاردەرە لەم پارەدا ئەم ڕوونکردنەوانەن: ڕستەو پێکهاتووەکان دروستەی ناوەوەی خۆیان هەیە. بەرهەمهێنانی ڕستە لەڕێی پڕکردنەوەی جێکەوتە چەسپاوەکانی قاڵبی ڕستەوە بەجێدەهێنرێت. جێکەوتەکانی فرێزەکانی بکەرو بەرکار بەستراون بەتایبەتیی بە پێدانی دۆخی ڕێزمانییەوە. هەرچەندە ئاوەڵکردار تا ڕادەیەکی زۆر ڕودان و دەرکەوتنەکانی ئازادن، چونکە پێویستیان بە دۆخی ڕێزمانیی نییە، بەڵام لەگەڵ ئەوەیشدا چەشنەکانی ئاوەڵکردار جێکەوتەو ڕیزبونی تایبەت بەخۆیان هەیە[12]: (ا) لە جێکەوتەی بنەڕەتیی ئاوەڵکرداری تافدا، نەك تەنها ئاوەڵکرداری بنەڕەتیی (/ئێستا، زوو، درەنگ، .../) ڕودەدات و دەردەکەوێت، بەڵکو خراوەتەکیەك (/بەیانی زوو/)، پێکهاتووەکان لە ناوی ئاوەڵکردارییی و شا_ناوی کات ("پێش ساڵێك"، "ساڵی پێشوو") لەگەڵ ناوەکانی کات (/هاوین، شەو، ../) یش. کەواتە فرێزی خستنەپاڵی بەیاریدەیش ("ئێمە شەوانی زستان درەنگ دەخەوین") هەر لەدەوروبەری ئەم جێکەوتەیەدا ڕێگەپێدراون. ئەنجامە گرنگەکە لێرەدا ئەوەیە، کە تەنها فۆڕمی ئاوەڵکردارەکە بۆ ئاوەڵکردارێتیی فۆڕمەکان گرنگ نییە، بەڵکو بڕیاردەر جێکەوتەکانی ناو دروستەکانیشن. لەگەڵ ئەوەیشدا، کە فرێزە پێشناوییەکانیش جێکەوتەی خۆیان لە ڕیزبونی پێکهاتووە ئاوەڵکردارییەکاندا هەیە، بەڵام لەناو ڕستەدا ئازادییەکی سنورداریش لە بەکارهێناندا نیشاندەدەن.

[12] ئەم لێکۆڵینەوەیەی بەردەستتان بەشێکە لە لێکۆڵینەوەیەکی پێڕەوبەندانەو تەواو لەسەر پێڕوی ئاوەڵکردای کوردیی (ئاوەڵکرداری تاف، شوێن و چۆنیەتیی) و تێیدا ڕیزبوونیان لە زنجیرە ئاوەڵکردارەکاندا دەخرێتەڕوو.

٣/٢) پێکەوەهاتن ومەرجەکان

٣/٢_١) پێکەوەهاتن لەگەڵ پێشناوەکاندا

پەیوەست بە ئاوەڵکرداری تافەوە، ڕۆڵی سێمانتیکیی پێشناوەکان تا ڕادەیەکی زۆر دیاریدەکات کام پێشناوانە لەگەڵ کام پۆلەرەگەزانەدا دێن و کات، چۆنیەتیی یان شوێن دەردەبڕن. شاناوەکانی ناو پێکهاتوەکان دەتوانرێن دەرنەبڕدرێن (٤/٢) و (٥/٢):

/بە/: ئەم پێشناوە تەنها لەگەڵ ناوو ناوی کاتدا دێت و واتای (لەکاتی ...) داهەیە. while, by, near, in

٦٨_ا) بە هاوین (لەکاتی هاویندا)، بە ڕۆژ (لە ڕۆژدا)، بە بەیانیان (لە کاتی بەیانیاندا)، بە زویی (کاتێك، کە زووە) (بیشڕوانە (٥/٢)!)، (ب) بەم درەنگانە، بەم زووانە،

/لە/: بۆ دیاریکردنی کاتی ڕودان و حاڵەتە punctual. (tense/time indicators)

٦٩_ لەگەڵ ناوی کاتدا: لەگەل کاتی ئێستادا: لە ئێستادا، لەگەڵ کاتی ڕۆژدا: لە دوێنێدا، لە دوێنێوە، لە بەیانیدا، لەگەڵ کاتی ساڵدا: لە پاردا، لە پارەوە.

٧٠_ لەگەڵ ناوی کاتی جێگیردا: لەسەرەتادا، لەسەرەتاوە،

لەگەڵ ناوی دواجەمسەردا: لە کۆتاییدا، لە کۆتایی ساڵدا، لە کۆتاییەوە (بۆ شوێن)،

٧١_ لەگەڵ ئاوەڵناوی کاتی تێپەڕییندا: لە پێشوودا، لە شەوی پێشوەوە، *لە پێشووەوە،

٧٢_ لەگەڵ ناوی وەرزەکانی ساڵدا: لە هاویندا، لە هاوینەوە.

/بۆ/: بۆ دیاریکردنی کاتی مەبەست (پێشخراو، ئێستا، دواخراو) für, auf

٧٣_ لەگەڵ ئاوەڵکرداری وەخت/کاتدا: لەگەڵ ناوی کاتدا: بۆ هاوین، بۆ ئازار، بۆ شەممە، بۆ نیوەشەو، بۆ سەرلەبەیانی، لەگەڵ ئاوەڵکرداری وەختدا: بۆ درەنگانێك، بۆ کاتێکی درەنگ(تر)، بۆ کاتی ساڵ: بۆ پار، (بۆ ئەمساڵ)، لەگەڵ ناوی جەمسەریی: بۆ سەرەتا، لەگەڵ ناوی دواجەمسەر: بۆ کۆتایی، لەگەڵ ناوی سەرە: بۆ پێش عەسر، لەگەڵ کاتی گشتگردا: بۆ هەمیشە (بۆ هەتاهەتایە)، لەگەڵ کاتی ڕۆژدا: بۆ ئێستا، بۆ بەیانی.

٣/٢_٢) پێکەوەهاتن و پێکەوەنەهاتنەکان

یەکەم: پێکهاتوە ڕێگەپێدراوەکان

٧٤_ ناوی ئاوەڵکردارییی لەگەڵ ئاوەڵکرداری بنەڕەتیی کات:

کۆتایی پار/پێرار، پێش هەینی، پێش هەینی ڕابوردوو، ڕۆژێك پێش هەینی (=پێنجشەممە)،

٧٥_ ناوی ئاوەڵکردارییی لەگەڵ ناوی کات:

ناوە ئاوەڵکردارییەکان ڕودان و دەرکەوتنی ناوی کات وەك ئاوەڵکردار مسۆگەردەکەن، هەرچەندە لەم حاڵەتانەدا ناوی کاتەکان لە بەکارهێنانی ئاوەڵناوییشدان. پێشناوەکان ئەم ڕۆڵە لە ئاوەڵکرداریییەکان باشتر دەگێڕن:

أ) ناوی جەمسەریی لەگەڵ ناوی سەدە: سەرەتای/ناوەڕاستی/کۆتایی سەدەی حەڤدە،

ناوی جەمسەریی لەگەڵ ناوی وەرز: سەرەتای هاوین،

ناوی جەمسەریی لەگەڵ ناوی مانگ: سەرەتای نەورۆز،

ناوی جەمسەریی لەگەڵ ناوی ڕۆژەکانی هەفتە: سەرەتای شەممە،

ناوی جەمسەریی لەگەڵ ناوی کاتەکانی شەووڕۆژ: سەرەتای بەیانی، کۆتایی نیوەڕۆ،

ب) ناوی دواجەمسەر لەگەڵ ناوی سەدە: کۆتایی/ئاخریی سەدەی حەڤدە، پێش/دوای سەدەی حەڤدە،
ئاوەڵناوی تێپەڕیین لەگەڵ ناوی سەدە: سەدەی پێشوو، هاوینی پێشوو، نەورۆزی پێشوو،

٧٦_ ناوی کات لەگەڵ ناوی ئاوەڵکرداری بنەڕەتیی کات:

ناوی مانگەکانی ساڵ لەگەڵ ناوی ئاوەلکرداری بنەڕەتیی: نەورۆزی پار،

ناوی کاتی ڕۆژ لەگەڵ ناوی ئاوەڵکرداری بنەڕەتیی: بەیانی/سەرلەبەیانی زوو،

٧٧_ ناوی کات لەگەڵ ناوی ئاوەڵکرداریی کاتیی: شەممەی پێشوو،

٧٨_ ئاوەڵکرداری بنەڕەتیی لەگەڵ ناوی ئاوەڵکرداریی: نییە (*زوو سەرەتا، *زوو پێش)،

٧٩_ ئاوەڵکرداری بنەڕەتیی کات لەگەڵ ناوی کات:

کاتی ڕۆژ لەگەڵ ناوی شەووڕۆژ: پێرێ شەو،

کاتی ساڵ لەگەڵ مانگەکانی ساڵ: پارهاوین، پار ڕەزبەر.

٨٠_ ناوی کاتی دوای ئاوەڵکرداری کات دەشێت تەواو دیاریکراوبێت: کەی دێن؟ "بەیانی"/"بەیانی سەرلەبەیانیەکە/بەیانی کاژێری نۆی سەرلەبەیانیەکەی".

دوهەم: پێکهاتوە ڕێگەپێنەدراوەکان

٨١_ ناوی ئاوەڵکرداریی لەگەڵ ناوی کات/وەخت:

ناوی ئاوەڵکرداریی جەمسەریی لەگەڵ ئاوەڵکرداری وەخت: *سەرەتای زوو، سەرەتای ئێستا،

ناوی ئاوەڵکرداریی دواجەمسەر لەگەڵ ئاوەڵکرداری وەخت: *کۆتایی زوو، *کۆتایی ئێستا،

٨٢_ ئاوەڵکرداریی سەرە لەگەڵ ئاوەڵکرداری وەخت: *پێش زوو،

؟؟پێش دوێنێ (ئەمڕۆ)، ؟؟پێش پێرێ (دوێنێ)، ؟؟پێش سبەینێ (ئمڕۆ)، ؟؟پێش دوو بەیانی (ئەمڕۆ یان سبەینێ)، ؟؟پێش ئەمشەو (ئەمڕۆ)، بەڵام: پێش بارانەکەی پێرێ، دوای ئەمڕۆ.

٨٣_ ئاوەڵکرداری بنەڕەتیی لەگەڵ ناوی ئاوەڵکرداریی: نییە: *زوو سەرەتا، زوو پێش،

٨٤_ ناوی کات لەگەڵ ئاوەڵکرداری بنەڕەتیی:

ناوی سەدە لەگەڵ ئاوەڵکرداری بنەڕەتیی: *سەدەی حەڤدەی زوو،

ناوی وەرز لەگەڵ وەخت: *هاوینی زوو (هاوینی زەمانی زوو)، *هاوینی ئێستا (هاوینی ئەمڕۆ/ئەم سەردەمە)، *هاوینی دوێنێ، *نەورۆزی زوو (نەورۆزی زەمانی زوو)، *نەورۆزی هەنوکە، *نەورۆزی دوێنێ، *شەممەی زوو، *شەممەی دوێنێ، *شەممەی پار، *سەرلەبەیانی ئێستا، *سەرلەبەیانی پار، *نیوەڕۆی پار.

٨٥_ ناوی کات لەگەڵ ناوی ئاوەڵکرداریی:

ناوی سەدە لەگەڵ ناوی ئاوەڵکرداریی: *سەدەی حەڤدەی پێشوو،

/پێشوو/ ئاوەڵناویی بەکاردەهێنرێت (سەدەی پێشوو)، بەڵام /پێش/ نائاوەڵناویی ڕودەدات (پێش ئێستا)، بۆیە ئەمانەی خوارەوە ڕێگەپێنەدراون و تەواوکردنیان دەوێت: *سەدەی پێش، *هاوینی پێش، *نەورۆزی پێش، *شەممەی پێش، *سەرلەبەیانی پێش.

٨٦_ ناوی سەرە/نۆرە لەگەڵ ناوی سەدە: *سەدەی حەڤدەی پێشوو،

٢/٣_٣) مەرجەکان

هۆکارەکانی ڕێگەنەدان بە دروستکردنی پێکهاتوەکان، دەتوانرێن لە شێوەی مەرجدا دابڕێژرێن:

یەکەم) مەرجی سێمانتیکیی مەودا: ناوی کات بۆ دانانی ناوە لە کاتی دیاریکراو. هەر کاتێک، کە ناوەکە دانرا،

مەودایەکی تایبەت بەخۆی دەبێت. لەناو مەوداکەدا "کاتێك" تەواو دیاریدەکرێت ("کەی دێن؟"، "بەیانی"، "بەیانی، چ کاتێك؟"، "بەیانی سەرلەبەیانیەکەی"). مەوداکە فراوانە یان تەسکە. فراوانیی و تەسکیی مەوداکەی دەبێتەڕێگری سیمانتیکیی بۆ ڕونەدانی پێکهاتووی نەگونجاو. لە پێکهاتووی نەگونجاودا، مەودای ناوە کاتییەکە لەگەڵ مەودای جومگەکەی تریدا ڕێکناکەوێت (بڕوانە "مەرجە دروستەییەکان"!).

ئەگەر واتایەك لە ئاوەڵکردارێکدا هەبوو، بە ئاوەڵفرێزدەکرێت (/دوێنێ/ (ڕۆژی پێشتر، ڕۆژێك بەر لە ئەمڕۆ)، بەڵام ناتوانێت لەگەڵ ناوە ئاوەڵکردارییەکدا بە هەمان واتاوە بێت (*دوێنێی پێشوو).

ناوی کات و مەوداکانیان:

أ) "کاژێر"، مەودا تەسکەکەی ڕۆژە: کاژێری دووی دوێنێ/ئامڕۆ، *کاژێری دووی مانگی پێشوو،
ب) "شەووڕۆژ" مەودا تەسکەکەی هەفتەیە: نیوەشەوی دوێنێ، نیوەشەوی شەممەی هەفتەی پێشوو،
پ) "ڕۆژەکانی هەفتە" مەودا تەسکەکەی هەفتەیەو شاناوی ڕۆژەکانی هەفتە، کە "هەفتە" یە، ناگرێتەوە: *شەممەی هەفتە، "شەممەی هەفتەی داهاتوو"،

ت) "ناوی مانگ" مەودا فراوانەکەی ساڵە: بەفرانباری ئەمساڵ/پار،

ج) "ناوی وەرز" مەودا فراوانەکەی ساڵە: هاوێنی پار/بەسرپێرار،

چ) ناوی سەدە مەودا فراوانەکەی دیاریکراوە: سەدەی حەڤدە/بیستەیەك.

دوهەم) مەرجی مۆرفۆلۆژیی: هەبوونی لێکسێم و فۆرمی تر بۆ ئاوەڵکرداری کات یان ناوی کات لە زۆربەی حاڵەتەکاندا ڕێگە لە دروستبونی پێکهاتووی نوێی ئاوەڵکرداری کات یان ناوی کات دەگرێت.

١) وشەی ئاوەڵکردارییی لەگەڵ ئاوەڵکرداری بنەڕەتیی کات: ئەمیان بۆیە زۆر سنووردارە، چونکە لێکسێم بۆیان گەلێك زۆرە: ؟؟ناوەڕاستی ڕۆژ /نیوەڕۆ/، *ناوەڕاستی دوێنێ /دوێنێ نیوەڕۆ/، ؟؟کۆتایی ڕۆژ /ئێوارە/، ؟؟کۆتایی دوێنێ "دوێنێ ئێوارە"، *سەرەتای ڕۆژ /بەرەبەیان/ سەرلەبەیانی/، ؟؟سەرەتای دوێنێ "بەرەبەیانی دوێنێ، سەرلەبەیانی دوێنێ"، *پاش ئێستا /دوایی، پاشان/، *پێش دوێنێ /پێرێ/، *پاش دوێنێ /ئەمڕۆ/، *دوای ئەمڕۆ /سبەینێ/، *پێش پار /پێرار/، *پێش پێرار /بەسرپێرار/.
٢) ئاوەڵکرداری بنەڕەتیی کات لەگەڵ ناوی کات پێکهاتووی وەك (١) و (٢) ی نییە، مەرجەکە بیگرێتەوە.
٣) ناوی کات لەگەڵ ناوی ئاوەڵکردارییی: هەرچەندە ناوە ئاوەڵکردارییەکەی ئەم نمونانە ئاوەڵناویش بەکارهێنراوە، بەڵام لەڕووی نەگونجانی واتاییەوەیە، کە ڕێگەیانپێنادرێت: ئاوەڵکرداری /بەیانی/ لەم فۆرمەدا واتای (٦–١٢) ی هەیە) ؟؟بەیانی پێشوو "دوێنێ بەیانی"، (؟؟"بەیانی ڕۆژی پێشوو")،

؟؟نیوەڕۆی ڕۆژی پێشوو "نیوەڕۆی دوێنێ".

سێهەم) مەرجی دروستەیی: ئەو پێکهاتوانەی، ڕێگەیانپێنادرێت و لێکسێمیان نییە، بە فرێزی درێژکراوە دەردەبڕدرێن.

١) ناوە ئاوەڵکردارییەکانی /پێش، پاش/ لەگەڵ ئاوەڵکرداری بنەڕەتیی کات: ناوە ئاوەڵکردارییەکان لەگەڵ شاناوەکانی /سەدە، ساڵ، مانگ، هەفتە/ و /دوێنێ شەو، پێرێ شەو/ دا نایەن، ئەگەر شاناوەکان لە فۆڕمی فرێزدا نەبن: *پێش سەدە "پێش سەدەیەك"، *پێش هەفتە "پێش دو هەفتە/پێش چەند هەفتەیەك"ن *پاش سەدە "پاش سەدەیەك". هەروەها پێکەوەهاتنی ناوە ئاوەڵکردارییەکان لەگەڵ ئاوەڵکرداری /دوێنێ شەو، پێری شەو، پار، پێرار، .../ تەواو پەسەند نییە، بۆیە بە زۆریی ئاوەڵفرێز لەبرییان بەکاردەهێنرێن: ؟؟پێش دوێنێ "پێش چەند ڕۆژێك لەمەوبەر"، *پاش دوێنێ "ئەمڕۆ/سبەینێ/لەمڕۆوە").

٢) ئاوەڵکرداری بنەڕەتیی لەگەڵ ناوی ئاوەڵکرداریی: ئاوەڵکردارەکانی /زوو، درەنگ، دێر/ ئاوەڵناویی یان لە ڕستەدا سەربەخۆ ڕودەدەن و دەردەکەون، بۆیە ئاوەڵکرداری بنەڕەتیی کات لەگەڵ ناوی ئاوەڵکرداریی نییە (*زوو سەرەتا، *سبەینێ پێشوو. /ئێستا، هەنوکە/ تەنها سەربەخۆ ڕودەدەن. جیاوازیی ئەو دوانە لەوەدایە، کە /ئێستا/ تەنها دوای ناوی سەرەی ئاوەڵکرداریی /پێش/ دێت، چونکە ناوە ئاوەڵکردارییەکە هەرگیز ئاوەڵناویی بەکارناهێنرێت ("پێش ئێستا").

٣) ئاوەڵکرداری بنەڕەتیی کات لەگەڵ ناوی کات: ئاوەڵکرداری بنەڕەتیی کات لەگەڵ ناوی کاتدا نایەت، بەڵام ئەگەر ناوی کاتەکە لە فرێزێکی دیارخەرییدا بێت، ئەوا پێکەوە دێن و بە پشوویەك لە دەربڕییندا بە دەنگ یان بە کۆماوەیەك لە نوسییندا لە ناوی کاتەکە جیادەکرێتەوە. *سبەی بەیانی/*سبەینێ بەیانی "سبەینێ، بەیانیەکەی"، *سبەینێ/بەیانی بەیانی "سبەینێ/بەیانی، بەیانیەکەی"، *دوو بەیانی/دوو سبەی بەیانی "دوو بەیانی/دووسبەی، بەیانیەکەی"، *سەدەی زوو "سەدەکانی زوو"، "سەدەیەك زووتر"، *ساڵی زوو "ساڵانی زوو"، *شەممە زوو "شەممە، زوو دەرچوین. کورتکراوەی "سبەینێ، بەیانیەکەی" فۆڕمی "سبەی بەیانی" یە، *سەدەی ئێستا "سەدەکەی ئێستامان"/"سەدەی ئەمڕۆ".

٤) ناوی ئاوەڵکرداریی لەگەڵ ناوی کات: جەمسەرییەکان تەنها ئاوەڵکرداریی ڕودەدەن ("پێش ساڵێك")، بەڵام دواجەمسەرییەکان بە شێوەیەکی سەرەکیی ئاوەڵکرداریی بەکاردەهێنرێن و دەیشتوانرێن ئاوەڵناویی ڕوبدەن و دەربکەون ("ئاخری ساڵ"/"ساڵی ئاخر(یی)"). بەکارهێنانی پێچەوانەیان فۆڕم_نادروستە.

٥_ ئەگەر لێکسێمێك تەنها ئاوەڵکرداریی/ئاوەڵناویی بەکارهێنرا، ئەوا لە حاڵەتی بەکارهێنانی ئاوەڵکردارییدا/ئاوەڵناوییدا پێویستیان بە دەرخراوێکە ("هاوێنی پێشوو"، "هەفتەی کۆتایی"، یان دەرخەرێکە "ئاخری نەورۆز"، "پێش هەفتەیەك"). هەر یەکەیان لەگەڵ ناوێکدا یان فرێزێکی ناوییدا دێت. *سەدەی پێش "سەدەی پێش جەنگی جیهانیی یەکەم"، *ڕۆژی پاش "ڕۆژی پاش کردنەوەی ئاگری نەورۆز"، *شەممەی سەرەتا "شەممەی سەرەتای مانگی داهاتوو"، *یەکشەممەی کۆتایی "یەکشەممەی

هەفتەی ڕابوردوو".

٦) /دەمودەست، دەستبەجێ/، وەك دوو ئاوەڵکرداری کات، تەنها لە ڕستەی ئاڵۆزدا بە دوو کرداری کاتوکەسداری پەیوەندیدارەوە ڕودەدەن ("هەر کە نانەکەی تەواوکرد، دەستبەجێ دەستەکانی شوشت"، "هەر کە چشتەکانم پێدا، دەمودەست پارەکانی دا")، بۆیە دەرکەوتنیان لە ڕستەی سادەدا ڕێگەپێنەدراوە: *دەمودەست/دەستبەجێ دەستەکانی شوشت، *دەمودەست پارەکانی دا.

٤/٢) دیاردەی واتایی

کەمبەهایی: "مەرجی کەم_بەهایی" بەشێکی پێکهێنەری سێمانتیکییە. وشەکانی /دوێنێ، پێرێ، بەسرپێرێ/، بۆ نمونە، واتای (ڕۆژێك لەمەوبەر، دوو ڕۆژ لەمەوبەر یان سێ ڕۆژ لەمەوبەر) یان تێدایە. واتە، لە دەربڕاوی *"ڕۆژی دوێنێ" یان *"ڕۆژی پێرێ" دا شاناوی /ڕۆژ/ دوبارەبۆتەوەو بەکارهێنانی کەم_بەهایە. بەم جۆرە، لەڕووی واتاییەوە پەسەند یان تەنانەت واتاڕاست نین. ئەم نمونانەیش هەمان پەسنکردنیان هەیە: دوێنێ شەو، *"شەوی دوێنێ شەو"، پارساڵ *"ساڵی پار". کاتێك ئەو پێکهاتووە نادروستانە بۆ واتای نوێ و بەواتایەکی نوێوە دروستکران، ئەوا هەم فۆڕمدروست و هەم واتاڕاستیشن (بڕوانە (٣/٢) و (٥/٢)!).

٨٧_ا) ڕۆژی دوێنێ هەر کاریکردووە. (هەموو دوێنێ/بەدرێژایی دوێنێ)،

_ب) ساڵی پار دوجار بارانباریی. (هەموو پار/بەدرێژایی ساڵی ڕابوردوو).

جێکەوتە: لەناو خراوەپاڵیەکەکاندا، ئەو جێکەوتەیەی، کە ئاوەڵکردارییەکان دەیگرن، بڕیاردەرن بۆ واتای تەواوی پێکهاتووەکە. لێرەوە بەکارهێنانی ئاوەڵناویی و نائاوەڵناویی کاتەگۆریەکان ئاشکرادەبێت.

٨٨_ ئاخری ساڵ (دوا قۆناغی ساڵ، لە تەواوبوونی ساڵدا) : ساڵی ئاخر (ساڵی دوایی، دواساڵ)،

٨٩_ کۆتایی ساڵ (نیهایەتی ساڵ) : ساڵی کۆتایی (دواساڵ)

لەم ڕستانەدا هەندێك لەو واتایانە دەردەکەونەوە:

٩٠_ا) خوابکات، کارەکەتان ئاخری خێربێت !

_ب) ئاخری ئاهەنگەکە بە هەڵپەڕکێ کۆتایی هات.

دەرەنجامیی/لە ئەنجامدا:

٩١_ چەند ڕۆژە ڕێگەیان لێدەگرن، بەڵام ئاخرییەکەی هەر هاتن.

دیاردەی وابەستەگێتیی واتا بە جێکەوتەوە لەگەڵ ئاوەڵکرداری بنەڕەتیی، ناوی ئاوەڵکرداریی و ناوی کاتیشدا کەم یان زۆردەبینرێتەوە.

٩٢_ دوێنێ ئێوارە : ئێوارەی دوێنێ،

٥/٢) وشەی پرسیار لەناو جێکەوتەکانی دروستەی ناوەوەی پێکهاتوەکاندا

٢/٥_١) جێکەوتە

پێکهاتوەکان، وەك ئاماژەپێدرا، بریتیین لە ڕستە، فرێزڕ (خراوەپاڵیەك) و وشەی فرەجومگەیی (خراوەتەکیەکەکان).

یەکەم: ئاوەڵکرداری بنەڕەتیی /ئێستا، زوو، درەنگ، دێر/ سەربەخۆ لە ڕستەدا لەپێش کردارەوە ڕودەدات، بۆ کردارەکە دەگەڕێتەوەو وەك ئاوەڵکردار گۆدەکات، بۆیە بە وشەی پرسیاری /کەی/ پرسیاریانلێدەکرێت. ئاوەڵکردارو ناوی کات ڕاستەخۆ بۆ کردارەکە ناگەڕێنەوە، لەبەرئەوە لەپێش هەر یەك لەو چوار ئاوەڵکردارەوە دێن و لەمانیش بە /کەی/ پرسیاردەکرێت. کەواتە دەتوانرێت لە هەر یەك لەو جومگانە لە جێکەوتەی خۆشیدا وەك ئاوەڵکردار پرسیاریلێبکرێت (بڕوانە (٩٤)!)[١٣].

٩٣_ میوانەکان زوو گەیشتن. ("کەی گەیشتن؟")

٩٤_ا) میوانەکان دوێنێ ئێوارێ زوو گەیشتن. ("کەی گەیشتن؟"، "دوێنێ ئێوارە کەی گەیشتن")،

("دوێنێ ئێوارێ چ کاتێك زوو گەیشتن؟")،

("کەی زوو گەیشتن")،

("میوانەکان چ کاتێك زوو گەیشتن؟")

_ب) *میوانەکان زوو دوێنێ ئێوارێ گەیشتن

نمونەو ڕوونکردنەوەکان ئەوە دەردەخەن، کە "ئاوەڵکرداری تاف" جێکەوتەی تایبەت بەخۆی هەیەو کە "کاتەکانی تاف" یش بەسەر جێکەوتەکانیدا دابەشدەبن. لێرەوە چاوەڕێی ئەوەیش دەکرێت، کە ئاوەڵکردارو دەربڕاوە ئاوەڵکرداریەکانی /هەنوکە، هێشتا، هەر، تەنها/ واتاو بەکارهێنانی جیاوازیان هەبێت (٩٤). بەکارهێنانی "تا ئێستا" (تا ئەم دەمە) بۆ نمونە، ئاساییە، بەڵام ڕودانی "تا هەنوکە" ناوازەیە. بۆیە ناتوانرێت بە /کەی/ پرسیاریانلێبکرێت.

[13] دەربارەی وشەکانی پرسیار بڕوانە محەمەدی مەحویی (٢٠١٣_ا) !

٩٥_ا) ئازاد هەنوکە نەگەیشتووە.        (حاڵی حازر، لەم چرکەیەدا)  (*"ئازاد کەی نەگەیشتووە؟")

_ب) ئازاد هێشتا (هەر) نەگەیشتووە.             (تا ئێستا هەر نەگەیشتووە)

_پ) ئارام تەنها ناندەخوات، (عارەق ناخواتەوە). (ناندەخوات و هیچ ناخواتەوە)

دوهەم: ناوە ئاوەڵکردارییەکان لەناو پێکهاتوەکاندا ئاوەڵکرداریی یان ئاوەڵناویی ڕوددەدەن و ناتوانن سەربەخۆ لە ڕستەدا گۆکردنیان هەبێت ("پێش هەفتەیەک"، "هەفتەی پێشوو").

سێهەم: ناوەکانی کات دەتوانن لە ڕستەدا سەربەخۆ لە جێکەوتە گونجاوەوەکانی ئاوەڵکرداردا وەک ئاوەڵکرداری کات گۆبکەن. دیارە، کە شاناوەکانی hyponyms /سەدە، ساڵ، مانگ، هەفتە، کاژێر/ ئەو جۆرە بەکارهێنانەیان نییە. ئەم ناوانە لە فرێزەکانی سەرەوەدا ڕوددەدەن و ئاوەڵکردار_ئاسا دەردەکەون: ئەگەر وشە_ژمارە یان پاشگری دیاریخەریی تاک یان کۆیان لەگەڵدابوو، ئەوا /کەی/ بۆ هەموو فرێزەکە بەکاردەهێنرێت و "چەند" یش بۆ وشە_ژمارەکە یان پاشگرەکە ، ئیتر گرنگ نییە ئەگەر پاشگری /_تر/ بە فرێزەکەوە بوو یان نا.

٩٦_ا)  بەر لە/پێش کاژێرێك لێرەبوون.  ("کەی لێرەبوون؟"، "بەر لە چەند کاژێر لێرە بوون؟")

_ب) دوای کاژێرێکی تر دەگەن.      ("کەی؟"، دوای چەند کاژێری تر دەگەن؟")

بەکارهێنانەکانی /زوو، درەنگ، دێر/:

بەدەر لە ڕودانی سەربەخۆی ئەو سێ ئاوەڵکردارە، هەر یەکەیان دەتوانرێت ئاوەڵناوییش بەکاربهێنرێت: (ا) لە خراوەتەکیەکدا لەگەڵ ئاوەڵکرداری /دوێنێ، سبەینێ، بەیانی، .../ وەك یەکەیەکی سینتاکسیی ڕوودەدەن و بە /کەی/ پرسیار لە یەکەکە دەکرێت. ناتوانرێت پرسیار لە جومگەیەکی بکرێت بەتەنها.

٩٧_ من بەیانی زوو لەخەو هەڵدەستم.  ("کەی لە خەو هەڵدەستییت؟")

dawn, early in the morning
(*"کەی زوو؟"، *"بەیانی کەی؟"، *"چ کاتێك زوو؟")

(ب) لە خراوەپاڵیەکدا لەگەڵ ئەو ئاوەڵکردارانەدا، /زوو، درەنگ، دێر/ لە بەکارهێنانی سەربەخۆدایەو بە پشویەك لە ئاخاوتنداو بە کۆماوەیەك لە نوسییندا لە ئاوەڵکردارەکە جیادەکرێتەوە. لەم بارەدا پرسیار لە هەر یەکەیان بە /کەی/ دەکرێت.

٩٨_ من بەیانی، زوو لە خەوهەڵەستم.  ("تۆ کەی، زوو لەخەوهەڵدەستییت؟")  tomorrow, on time

("تۆ بەیانی، کەی لەخەوهەڵدەستییت؟"، "بەیانی چ کاتێك؟")

وشەی هەڵگوێزراوی /بەیانیان/ (هەر بەیانییەك، بەبەیانیان)، وەك /سبەینان/ یان ناوەکانی کات /ئێواران، شەوان/، لە ئاوەڵکرداری کاتەوە /بەیانی/ وەرگیراوەو بەکارهێنانی سەربەخۆی هەیە (٩٧_ا): لەم بارەدا پێکهاتووی خستنەپاڵیی /بەیانیان/ یەکەیەکی سینتاکسیی دروستدەکات (٩٩_ت) و بە /کەی/ پرسیاریلێدەکرێت، بەڵام پێکهاتووی خراوەتەکیەکی نییە (٩٩_پ).

٩٩_ا) من بەیانیان کاردەکەم.

_ب) من بەیانیان، زوو لە خەوهەڵدەستم. ("کەی؟"، "بەیانیان کەی؟"، "بەیانیان چ کاتێك؟")
every mornings, soon

_پ) *من بەیانیان زوو لەخەوهەڵدەستم (*"کەی زوو"، *"بەیانیان کەی")

_ت) من بەیانیانی زوو لەخەوهەڵدەستم. ("کەی؟"، *"بەیانیانی کەی؟")

_ج) *من بەیانیانی، زوو لەخەوهەڵدەستم

فۆڕمی هەڵگوێزراوی /درەنگان/ تەنها لەگەڵ جێناوی ئاماژەی پێشناویی /بەمە، بەوە/ دا بەکاردەهێنرێت و بە/چی/ پرسیاریلێدەکرێت (١٠٠_ا) و واتاکەی (بەم کاتە درەنگانە) یە. لە ڕستەکەدا وشەی /کات/ ی دەرنەبڕدراو نییە، بۆیە ناتوانرێت بە /کام/ پرسیاربکرێت. لەبری ئەوە فۆڕمی نادیاری /درەنگانێك/ تەنها ڕودانی سەربەخۆی هەیە (١٠١).

١٠٠_ا) بەم درەنگانە دەچنە دەرەوە. ("بەم چییە؟"، *"بەکامە؟"

١٠١_ا) کارە (شەو)، درەنگانێك هاتەوە. ("کارە شەو، کەی گەڕایەوە؟"، "چ کاتێك گەڕایەوە؟")

_ب) کارە بەیانیان، درەنگانێك لەخەوهەڵدەستێت. ("کارە بەیانیان، کەی لەخەوهەڵدەستێت؟"،

بەیانیان، چ کاتێك لەخەوهەڵدەستێت؟")

_پ) *کارە بەیانی درەنگانێك لەخەوهەڵدەستێت (٦_١٢)

_ت) *کارە بەیانیان درەنگانێك لەخەوهەلدستێت

ئاوەڵکرداری /دێر/ بە جۆرێك لە واتای (دواکەوتن یان بەسەرچوو لەکاتی خۆی) ەوە فۆڕمی هەڵگوێزراوی نییەو بەکارهێنانەکانی /زوو/ نیشاندەدات. لەگەڵ ناوی کات (/ئەمڕۆ، ئەمشەو، ...نیوەڕۆ/) و ئاوەڵکرداری /دوێنێ شەو، سبەی شەو، ...پار، ساڵی داهاتوو/ دا ئاوەڵکرداری /زوو، درەنگ، دێر/ تەنها سەربەخۆ ڕودەدات.

١٠٢_ا) ئەوان ئەمشەو، زوو گەیشتن. ("کەی، زوو گەیشتن؟"، "ئەمشەو، کەی گەیشتن؟"،

"ئەمشەو، چ کاتێك گەیشتن؟")

_ب) *ئەوان ئەمشەو زوو گەیشتن

_پ)*ئەوان ئەمشەوی زوو گەیشتن

١٠٣_ا) ئەوان دوێنێ شەو، زوو گەیشتن. ("کەی، زوو گەیشتن؟"، "دوێنێ شەو، کەی گەیشتن؟"، "دوێنێ شەو، چ کاتێك گەیشتن؟")

_ب) *ئەوان دوێنێ شەو زوو

_پ)*ئەوانە دوێنێ شەوی زوو

فراوانکردن بە /زۆر، گەلێك، کەمێك/:

ئاوەڵکردارەکانی کات /زوو، درەنگ، دێر/ سەربەخۆ لە ڕستەدا ڕوودەدەن، بەڵام بە /کەی/ نەك بە /چۆن/ پرسیاریانلێدەکرێت. واتە خۆیان وەك ئاوەڵکردار نیشاندەدەن، نەك وەك ئاوەڵناو. لەلایەکەوە ئاوەڵناویی بەکاردەهێنرێن و لەلایەکی تریشەوە پلەدارن و وشەکانی /زۆر، گەلێك، کەمێك/ یان لەگەڵدا بەکاردەهێنرێن. لەناو فرێزەکاندا پەیکاڵ لەگەڵ شیکردنەوەکانی پێشتردا، ئەو وشانە ڕاستەوخۆ لەپێش ئاوەڵکردارەکانەوە دێن (١٠٥_ا_پ، چ). ئەگەر /بەیانی زوو/ یەکەیەکی سینتاکسیی یەکگرتوو بێت یان نا، /زۆر/ ناتوانێت جیا لە ئاوەڵکردارەکە بەکاربهێنرێت (١٠٥_پ، چ). لە (١٠٦_ا) دا /بەیانی/ جیایە لە /زوو/ و پێکەوە یەکەیەکی سینتاکسیی /بەیانی زوو/ یان پێکنەهێناوە. لە (١٠٤_ب) و (١٠٥_ب) دوو جار هەمان /زۆر/ (very) دوبارەنەبووەتەوە. ئەو /زۆر/ ەی، کە لەگەڵ /بەیانی/ (١٠٥_ب) دایە دیاریکەرە determiner و ئەوەی لەگەڵ /زوو/ داهاتووە ئاوەڵکردارە adverb.

١٠٤_ا) ئارام زۆر/گەلێك/کەمێك زوو/درەنگ/دێر گەیشت. ("ئارام کەی/چ کاتێك گەیشت؟"،

_ب) ئارام بەیانیان، زوو لەخەوهەڵدەستێت.

_پ) ئارام بەیانیان، زۆر زوو لەخەوهەڵدەستێت. adverb

_ت) ئارام بەیانی، زوو لەخەوهەڵستا.

_ج) ئارام بەیانی، زۆر زوو لەخەوهەڵستا.

_چ)*ئارام بەیانی زۆر زوو لەخەوهەڵستا

_ح)*ئارام زۆر بەیانی زوو لەخەوهەڵدەستێت

١٠٥_ا) شوانه، زۆر بەیانی، زوو لەخەوهەڵدەستێت.

_ب) ؟؟شوانه، زۆر بەیانی، زۆر زوو لەخەوهەڵدەستێت

١٠٦_ا) شوانه، زۆربەی بەیانیان، زوو لەخەوهەڵدەستێت. most of the early mornings

_ب) شوانه، زۆربەی بەیانیان، زۆر زوو لەخەوهەڵدەستێت.

بەرزکردنەوەی پلەی "زۆر زویی" ەکە بە وشەی /هەر/ دەکرێت و دەبێت /هەر/ ڕاستەوخۆ لەپێش یەکە سینتاکسیەکەی "زۆر زوو" ەوە بێت (١٠٧_ا (زووتر لە زۆر زوو))، دەنا واتای جیاوازی دەبێت (١٠٧_ب). لە نمونەکەی دوهەمدا /هەر/ واتای (تەنها) ی هەیە.

١٠٥_ا) شوانه، دوێنێ بەیانی، هەر زۆر زوو لەخەوهەڵستا.

("شوانه دوێنێ بەیانی، کەی لەخەوهەڵستا؟"، *"شوانه، کەی، هەر زۆر زوو لەخەوهەڵستا؟"،

*"شوانه کام بەیانییە/چ بەیانییەك، هەر زۆر زوو لەخەوهەڵستا؟")

_ب) شوانه، هەر دوێنێ بەیانی، زۆر زوو لەخەوهەڵستا.

(*"شوانه هەر دوێنێ بەیانی، کەی لەخەوهەڵستا؟،

"شوانه هەر کەی، زۆر زوو لەخەو هەڵستا؟")

ئەنجام: دروستەو لێکدانەوە واتاییەکانیان:

(أ) بەیانی زوو (سەرلەبەیانی زوو)

(ب) بەیانی، زوو (ڕۆژی سبەینێ، زوو)

(أ) دوێنێ بەیانی (ئاوەڵکردار+ناوی کات) دەبێتە ئاوەڵکرداری کات (سەرلەبەیانی دوێنێ)،

(ب) دوێنێ، بەیانی (ڕۆژی دوێنێ، بەیانیەکەی)، بۆیە

(ب) دوێنێ بەیانی/پێشنیوەڕۆ، زوو ~ (ا)*دوێنێ بەیانی/پێشنیوەڕۆ زوو

(ب) دوێنێ بەیانی/پێشنیوەڕۆ، زۆر زوو ~ (ا)*دوێنێ، بەیانی پێشنیوەڕۆ زۆر زوو

ئاوەڵکردارەکانی /ئێستا، هەنوکە/:

ئاوەڵکرداری بنەڕەتیی /ئێستا/ فۆڕمی هەڵگوێزراوی /ئێستاکێ، ئێستاکانێ/ ی هەیەو هەرسێکیان لە جێکەوتەی بنەڕەتیی خۆیاندا سەربەخۆ گۆدەکەن. /ئێستاکێ، ئێستاکانێ/ واتای هۆکاریی هەیە (١٠٨_ب (ئێستا تۆ چییت دەوێت لە ئێمە؟)) و بە /کەی/ پرسیارلێناکرێت.

١٠٨_ا) ئێمە ئێستا گەیشتین. ("ئێوە کەی گەیشت؟"، "چ کاتێك گەیشتن؟")

_ب) ئێستاکانێ چییت دەوێت لە ئێمە. (*"کەی چییت دەوێت لە ئێمە؟")

_ب) ئێستاکێ وەڵاممدەدەیتەوە یان نا ؟ (*"کەی وەڵاممدەدەیتەوە یلن نا؟")

لە فرێزی پێشناوییدا، بە پێشناوی_کاتیی /لە/ ەوە، ناوە پێشبینیلێکراوەکەی /دەمی، کاتی، .../ دەرنابڕدرێت (١٠٩ (لەم دەقەیەوە/لەمڕۆوە)). ئەم دیاردەی دەرنەبڕینە بۆتەهۆی ئەوەی، فرێزەپێشناوییەکە پێشبینیی واتای جۆروجۆری لێبکرێت[١٤].

١٠٩_ا) لە (دەمی/کاتی) ئێستاوە، نەبمناسەو نەدەتناسم. ("لە کەیەوە؟")

_ب) لە (کاتی) ئێستا بەدواوە، ڕازینییم بێیتەماڵمان. (لە کەیەوە؟)

هەر وەك دەبینن، بۆ دەربڕینی تاڤ ئێستای دەمی قسەکردن و کاتەکانی دوای ئەو فرێزی جۆراوجۆر هەن. /ئێستا/، لە چرکەی تەواوی تاڤ قسەکردن و بەجێهێنانیەوە تا داهاتوو، دورونزدیکیی هەیە (/ئێستا/ : "هەر ئێستا" : "دەستبەجێ/دەمودەست" : "کەمێکی/تۆزێکی تر" : /پاشان، دوایی/ : /لە داهاتودا/لە ئایندەدا). بۆ هەمویان پرسیار بە /کەی/ دەکرێت. بۆ ئەو دەربڕاوانەی خوارەوە (/وا(خەریکە)) وشەی پرسیاری /کەی/ بەکارناهێنرێت. ڕستەکان لە گفتوگۆدا یان لە وەڵامی پرسیاردا دێنەئاراوە. ڕستەکانی (١١٠) و (١١١، ا_ب) دەشێت وەڵامی پرسیاری وەك "ئەرێ شوانە لە کوێیە؟"/"چی دەکات؟" بن.

ڕودان لەگەڵ کاتی/دەمی قسەکردنەکەدا:

١١٠_ا) حاڵی حازر نەخۆشە/بەرەوئێرە بەڕێوەن. (*"کەی نەخۆشە/بەڕێوەن؟")

_پ) پەلەمەکە، هەر ئێستا دەڕۆم. ("کەی دەڕۆیت؟"،*"هەر کەی دەڕۆیت؟")

_ت) وا خەریکە دەڕوات. ("کەی دەڕوات؟").

_ج) میوانەکان لەسەر ڕۆیشتنن، دەبڕۆ دوو قسەیان لەگەڵدا بکە! ("میوانەکان کەی دەڕۆن؟")

/دەمودەست، دەستبەجێ، پاشان، دوابەدوای، دوایی/ کاتەکانی دواترن. /هەر/ (نزدیکردنەوە لە چرکەی ئێستا) لەگەڵ /ئێستا، دەمودەست، دەستبەجێ/ دا دێت، بەڵام لەگەڵ /وا، پاشان، دوایی/ دا نایەت. /هەر/ لەگەڵ /ئێستادا/ فرێزێك دروستدەکات و واتاکەی کاتێکی نزدیك لە دەمی قسەکردنەکەوە دەگرێتەوەو بە /کەی/ پرسیار لە فرێزەکە دەکرێت (١١١_پ). بڕوانە ئەم بەکارهێنانانەی هەر:

١١١_ا) شوانە هەر دوای قسەکردنکەی، دەستبەجێ دەستی بەنوسیین کرد.

("کەی دەستی بە نوسیین کرد؟"، "چ کاتێك دەستی بە نوسیین کرد؟"):

---

[14] بڕوانە محەمەدی مەحویی (٢٠١٣_ا) !

"دەستبەجێ دوای قسەکردنەکەی."

_ب) *شوانە دوای قسەکردنەکەی، هەر دەستبەجێ دەستی بەنوسیین کرد

_ب) شوانە دەستەبەجێ، هەر دوای قسەکردنەکەی دەستی نوسیین کرد.

_ب) *شوانە هەر دەستبەجێ دوای قسەکردنەکەی، دەستی بەنوسیین کرد کرد.

ناوی کات: (ا) ئاوەڵکردارەکانی /ئەمرۆ، ئەمشەو/ لە فرێزی خستنەپاڵییدا ئاوەڵناویی لەگەڵ ناوی کاتەکانی ڕۆژدا دێن (بەرەبەیانی ئەمرۆ، نیوەشەوی ئەمشەو). ئاوەڵکردارەکانی /دوێنێ، بەیانی، سبەینێ/ لە خراوەتەکیەکدا پەیوەستن بە ئاوەڵکرداری /ئەمرۆ/ەو ئاوەڵکرداری /دوێنێ شەو، سبەی شەو/ یش بە ئاوەڵکرداری /ئەمشەو/ ەوە. ئاوەڵکرداری /پار/ و /ساڵی داهاتوو/ پەیوەستن بە ئاوەڵکرداری بەلێکسێمبووی /ئەمساڵ/ ەوە. /ئەمساڵ/ لەگەڵ ناوی کاتی /وەرز، مانگ/ دا هەر ئاوەڵناویی ڕودەدات (بەهاری/خەرمانانی ئەمساڵ). بەرامبەر بە ناوی کاتەکانی /سەدە، ساڵ، وەرز، مانگ، هەفتە/، ئەو سێ ئاوەڵکردارە بەلێکسێمبوون. (ب) ناوی کاتەکان لەگەل ئاوەڵکرداری کاتدا ئاوەڵناویی بەکاردەهێنرێن (دوێنێ بەیانی/سەرلەبەیانی، بەیانی/سەرلەبەیانی دوێنێ)

٢/٥_٢) وشەکانی پرسیار

بەو شێوەیە چاوەڕێدەکرێت، کە پرسیارکردن بە وشەی پرسیار لە کاتەگۆریەکانی ناو ڕستە بەگوێرەی کاتەگۆریی فەرهەنگیی وشەکان و بەپێی جێکەوتەیان جێبەجێبکرێت. چاوەڕێدەکرێت، وشەی پرسیاری /کەی/ بە گشتیی بۆ فرێزەکانی تاف بێت (بڕوانە نمونەکانی سەرەوە!)، ئیتر گرنگ نییە، ئەگەر فرێزێکی ساکار (وشەیی) یان ئاڵۆز بێت. دەبێت/چۆن/ بۆ ئاوەڵکرداری چۆنیەتیی و ئاوەڵناو بێت لە فرێزی خستنەپاڵیی و لە بەکارهێنانی ئاوەڵناوییدا. هەروەها /چی/ یش بۆ فرێزی ناویی و ناو (چشت) لە کرداربەندییداو /کام/ یش بۆ دیاریکراوو ئاماژەبۆکراوەکان تەرخانبن.

کەی/چ+ناوی کات، چ+ شاناوی کات و وەچەناوەکانی

یەکەم: (ا) ئاوەڵکرداری هەنوکەیی (ئێستا، هەنووکە، .../ لەگەڵ شاناوی کات و ناوی کات بە کەی/چ پرسیاریانلێدەکرێت، ئەگەر سەربەخۆ لە ڕستەدا ڕوبدەن (١١٢_١١٥). ئاوەڵکرداری کات بە چ+کات، شاناوی کات یان ژمارەکەی (١١٥_ب) بە چ+شاناوەکەو ناوی کات بە چ+شاناوەکەی پرسیاریلێدەکرێت (٥). ناوی ئاوەڵکردارییی /سەرەتا، ئاخر، کۆتا/ یش بە هەمان جۆر پرسیاریانلێدەکرێت (١١٧_ا)، بەڵام لەبەرئەوەی ناون بە /چی/ یش پرسیاریانلێدەکرێت (١١٧_ب). کەواتە، وەك ئاوەڵکرداری کاتی هەنوکەیی، ناوی کات و ناوی ئاوەڵکردارییش توخمی کاتیان تێدایە.

١١٢_ شوانە زوو/ئێستا گەیشت. ("کەی/چ کاتێك؟")

١١٣_ ئارینا سەرلەبەیانی/نیوەڕۆ/ئێوارە چوو بۆ بازاڕ. ("کەی/چ کاتێك؟")

_ب) ئارینا دوێنێ نیوەڕۆ چوو بۆ کتێبخانە. ("کەی/ چ کاتێك؟")

١١٤_ا) ئارینا دوێنێ/پێرێ سەردانیکردیین.                    ("کەی/چ ڕۆژێك؟")

١١٥_ا) قەڵاکە سەدەی حەڤدە ڕوخا.                    ("کەی/چ سەدەیەك؟")

_ب) قەڵاکە (ساڵی) ١٩٢٠ ڕوخا.                    (کەی/چ ساڵێك؟")

١١٦_ا) قەڵاکە (وەرزی) هاوێن نۆژەنکرایەوە.                    ("کەی/چ وەرزێك؟")

_ب) قەڵاکە (مانگی) ئازار بۆیەکرا.                    ("کەی/چ مانگێك؟")

_پ) قەڵاکە (ڕۆژی) شەممە ڕوخێنرا.                    ("کەی/چ ڕۆژێك؟")

١١٧_ا) سەرەتای/ئاخری/کۆتای ئاهانگەکە خۆشبوو.                    ("کەی/چ کاتێك؟")

_ب) سەرەتای ئاهەنگە تێکچوو.                    ("چی ئاهەنگەکە تێکچوو؟")

پێشبینیی: لەڕێی ئاوەڵکرداری کاتەوە پێشبینیی لە کات دەکرێت و لەڕێی ناوەکانی کاتەوە پێشبینیی لە شاناوەکانیاندەکرێت[١٥]، بۆیە ئەمانەی دواییان دەتوانرێن دەرنەبڕدرێن و لە کەوانەدا دەنوسرێن (بڕوانە (٣/٢) و (٤/٢)!).

١١٨_ ئێستا                    چ کاتێك؟،

ئەمڕۆ                    چ ڕۆژێك؟،

پار                    چ ساڵێك؟، ... هتد.

دووهەم: ناوی ئاوەڵکرداریی /پێش/ (و پێشناوی /بەر لە/) لە ڕستەدا سەربەخۆ ڕونادات، بەڵکو تەنها ئاوەڵکرداریی بەکاردەهێنرێت، بۆیە بە /کەی/ پرسیار لە هەموو فرێزە ئاوەڵکرداریییەکە دەکرێت (٧). /پێش/ ئەو ڕۆڵەی بینیوە، هەموو فرێزەکە "پێش ئاهەنگەکە" ببێتە ئاوەڵکردار_ئاسایەك. بەکارهێنانی ئاوەڵکرداریی ناوە ئاوەڵکرداریییەکەیش لەو جێکەوتەیەدا ئەم ئاوەڵکردارییە تافییەی بە /پێش/ داوە.

١١٩_ پێش ئاهەنگەکە بارانێکی زۆر باریی.                    ("کەی باربانێکی زۆر بارییی؟")

سێهەم: ناوی ئاوەڵکرداری /پێشوو/ لە ڕستەدا سەربەخۆ بەکارناهێنرێت، بەڵکو تەنها ئاوەڵناویی ڕودەدات، بۆیە دەبێت ڕێگەیەکی دیاریکراو بۆئەوە هەبێت، بە چ+دەرخراو (١٢٠) یان بە کام+دەرخراو (١٢١) پرسیاریلێبکرێت:

(أ)                    لە

(١٢٠) دا دەرخراو دیارینەکراوە یان پاشگری نەناسیاریی /_ێك/ ی پێوەیەو بە چ+دەرخراو پرسیاریلێکراوە.

---

[١٥] بڕوانە محەمەدی مەحویی (٢٠١٣_ا)!

(ب)                                                                                                  له

(۱۲۱) دا دەرخراو دیاریکراوەو پاشگرێکی ناسیاریی /_ەکە، _ەکان/ ی پێوەیەو بە کام+دەرخراو پرسیارکراوە. ئەگەر /پێشوو/ لەبری ناوی کاتەکە (نەورۆز) دابنرێت، ئەوا هەر بە کام+دەرخراو پرسیاردەکرێت، چونکە دەخراو دیاریکراوە (۱۲۲). تەنانەت، ئەگەر دەرخراوە دیاریکراوەکە ئاوەڵناوێکیشی لەگەڵدا بێت، هەر بە کام+دەرخراو پرسیاردەکرێت (۱۲۱_ت). سەری ڕستەی سەرجێاویش[16] هەمان جۆری پرسیاکردنی هەیە (۱۲٤). ناوی کاتی دیاریکراوو ناوی ئاوەڵکرداریی بە جێناوی ئاماژەی /ئەمە، ئەوە، ئەمانە، ئەوان/ ەوە هەر بەهەمان شێوە پرسیاریانلێدەکرێت (۱۲۳).

۱۲۰_ا) ئاهەنگی نەورۆز خۆشتر بوو.            ("چ ئاهەنگێك خۆشتر بوو؟")

_ب) ئاهەنگێکی نەورۆزمان بردەسەر.            ("چ ئاهەنگێکتان بردەسەر؟")

۱۲۱_ا) ئاهەنگی نەورۆز خۆشترە.            ("کام ئاهەنگە خۆشترە؟")

_ب) ئاهەنگەکەی نەورۆز خۆشتربوو.            ("کام ئاهەنگە خۆشتربوو؟")

_پ) من پیاوە کوردەکەم ناسیی.            ("کام پیاوەت ناسیی؟")

_ت) ئازاد خانوە گەورەکەی کڕیی.            ("کام خانوەی کڕیی؟")

۱۲۲_ا) ئاهەنگی پێشوو خۆشتربوو.            ("کام ئاهەنگە؟")

_ب) ئاهەنگەکەی پێشووتر خۆشتربوو.            ("کام ئاهەنگە؟")

۱۲۳_ا) ئەم سەدەیە ترسناکە.            ("کام سەدەیە؟")

_ب) ئەو ساڵە کەس دەرنەچوو.            ("کام ساڵە؟")

_پ) ئەم سەرەتای ساڵە دێینەوە.            ("کام سەرەتای ساڵە دێنەوە؟")

۱۲٤_ ئەو خوێندکارەی، کە بە یەکەم دەرچوو، دراوسێمانە.   ("کام خوێندکارە؟")

چوارەم: فرێزی ناویی، ئاوەڵناویی و ئاوەڵکرداریی وەك یەکەی سینتاکسیی بە /چی/ پرسیاریانلێدەکرێت (۱۲۵). لەناو ئەو فرێزانەی سەرەوەدا، توانرا پرسیار لە جومگەکان بکرێت. فرێزە پێشناوییەکانیش هەر بە /چی/ پرسیاریانلێدەکرێت (۱۲٦)، ئەگەر بە /کەی/ پرسیار لە هەموو فرێزەکە نەکرێت.

۱۲۵_ا) نەوزاد کتێبەکانی کڕیی.            ("چی کڕیی؟")

_ب) نەوزاد کتێبە کۆنەکانی/کتێبێکی کۆنی کڕیی.    ("چی کڕیی؟")

_پ) نەوزاد کتێبەکانی ساڵی ڕابوردووی کڕیی.        ("چی کڕیی؟")

---

[16] دەربارەی "ڕستەی سەرجێناویی" بڕوانە محەمەدی مەحویی (۲۰۰۱)!

_ت) نەوزاد خانووەکەی یەکەمجاری/پێشوتری کڕیی. ("چی کڕیی؟")

١٢٦_ا) ئەوە، بەم درەنگانە دەگەیت؟ ("بەم چییە؟")

_ب) ئەوان بەم زوانە دەگەن. ("بەم چییە دەگەن؟")

_پ) چۆن بەم زووە تەواوبوویت؟ ("بەم چییە تەواوبووم؟")

_ت) ئاخر، بەم ئاخری ساڵە فریای چی دەکەویت؟ ("بەم چییە؟")

پێنجەم: لەبەکارهێنانی ئاوەڵناویی (١٢٧) و سەربەخۆ (١٢٦) دا، ئاوەڵناو بە /چۆن/ پرسیاریلێدەکرێت. کاتێك لە بەکارهێنانی ئاوەڵناوییدا بە /چۆن/ پرسیار لە پەسنکراو دەکرێت، کە دیارینەکراو بێت (١٢٧_ا). ئەگەر دیاریکراوبێت، بە /کام/ پرسیاریلێدەکرێت (١٢٧_ب). وشەی پرسیارو پەسنکراو پێکەوە وەك فرێزێك دەردەبڕدرێن.

١٢٦_ نەوزاد خێرا ڕادەکات. ("چۆن ڕادەکات؟")

١٢٧_ا) ئارینا ڕەفتەیەکی تازەی کڕیی. ("ڕەفتەیەکی چۆنی کڕیی؟")

_ب) ئارینا ڕەفتە تازەکەی کڕیی. ("کام ڕەفتەیەی کڕشیی؟")

لەکرداربەندییدا ئاوەڵناو بە /چۆن/ یان بە /چی/ ("باشە؟/چاکە؟" "چۆنە؟"، "چییە؟") و ناو بە /چی/ ("مامۆستایە"، "چییە؟") و ئاوەڵکردارە بنەڕەتیەکانی /زوو، درەنگ، دێر، ئێستا/ لە بەکارهێنانی کرداربەندیدا بە وشەی پرسیاری /چی/ پرسیاریانلێدەکرێت ("هێشتا زووە/دێرە" ("چییە؟").

بۆ ناوی ئاوەڵکردارییی /سەرەتا، کۆتا، ئاخر/ یش هەر /چی/ بەکاردەهێنرێت: "هێشتا سەرەتایە/لە سەرەتادایە"("چییە/لە چیدایە؟")، "هێشتا هەر سەرەتابوو" ("چیی بوو؟")، "کاتژمێرەکەم لە پێشە" ("چییە؟")، "ئەمە کۆتا(یی) ڕۆژەکەیە/بوو" ("چییە/چی بوو؟"، "کۆتا(یی) چییە/چی بوو؟"، "چی ڕۆژەکەیە/بوو؟")، "کۆتا(ی)یە/ئاخرە"("چییە؟"). "دەربڕاوە ئاوەڵکردارییەکان" ی وەك /هەنوکە، هێشتا، تەنها، هەر/[17]، کە بە /کەی، چی/ پرسیاریانلێناکرێت. ئاوەڵکردارەکان (/دوێنێ، سبەینێ/)، و ناوی کات (/پار، ساڵی داهاتوون بەرەبەیان/) و ئەندامەکانی گروپەکانیان وشەی پرسیاری /کەی/ یان بۆبەکاردەهێنرێت ("ئاهەنگە ئێستایە" ("کەیە؟")، "ئاهەنگەکە پێرێ بوو" ("کەی بوو؟")، "ئاهەنگەکە سبەینێیە" ("کەیە؟"). ناوە ئاوەڵکردارییەکانی /پێش، پاش، پێشوو، ڕابوردوو، ئاخر، کۆتا، دوا، داهاتوو/ یش بەهەمان شێوە.

پوختە:

١) ئاوەڵکرداری هەنوکەیی لە ڕستەدا سەربەخۆ ڕوودەدات و بە /کەی/ ~ "چ کاتێك" پرسیاریلێدەکرێت (/زوو، ئێستا).

٢) ناوی کات و شاناوی کات لە فرێزدا بە شاناوەکانیانەوە ڕوودەدەن: بە /کەی/ پرسیار لەگشت فرێزەکە دەکرێت و دەیشتوانرێت بە "چ+شاناو" پرسیار لە ناوی کات و ناوەکە بکرێت. بە گشتیی شاناوەکە

[17] دەربارەی دەربڕاوە ئاوەڵکردارییەکان" بڕوانە محەمەدی مەحویی (٢٠١١)!

پێشبینیلێکراوەو ئاخێوەری کورد دەرینابڕێت، بەڵام دەیشتوانرێت بە فۆنەیتیکیی بەرجەستەبکرێت. دەربڕینی شاناوەکە لە پرسیارکردنندا بە /چ/ خورتییە ("چ کاتێك؟، چ ڕۆژێك؟").

٣) ناوی ئاوەڵکرداریی: لە ڕودانی /سەرەتا/ دا بە /کەی/ پرسیاریلێدەکرێت. /سەرەتا، ئاخر/ لە فرێزی خستنەپاڵییدا ڕوودەدەن: بە /کەی/ پرسیار لە گشت فرێزەکە دەکرێت. دەیشتوانرێت بە "چ کاتێك" پرسیار لە ناوە ئاوەڵکرداریيەکە بکرێت. لە /سەرەتا/ ی ناو فرێزی خستنەپاڵیی و لە ناو بە /چی/ یش پرسیار لە ناوەئاوەڵکرداریەکە دەکرێت ("چی ئاهەنگەکە؟").

٤) ناوی ئاوەڵکرداریی /پێش/ هەمیشە ئاوەڵکرداریی بەکاردەهێنرێت: بە /کەی/ پرسیار لە هەموو فرێزەکە دەکرێت و بە "چ کاتێك" یش لە ناوەئاوەڵکرداریيەکە ("چ کاتێکی ئاهەنگەکە؟").

٥) ناوی ئاوەڵکرداریی /پێشوو/ تەنها ئاوەڵناویی ڕوودەدات: (ا) ئەگەر دەرخراوەکە دیاریکراو بوو، ئەوا بە /کام/ پرسیار لە ناوەئاوەڵکرداریەکە دەکرێت. لەم حاڵەتەدا وشەی پرسیارەکە دەهێنرێتە پێش دەرخراوەکەوەو پێکەوە وەك فرێزێك بەرجەستەدەکرێن ("کام شەوە؟"). (ب) خۆ ئەگەر دەرخراوەکە دیارینەکراو بوو، ئەوا بە "چ+دەرخراو" پرسیاردەکرێت ("چ شەوێك؟"). واتا، پرسیارەکانیش پەیکاڵ لەگەڵ دەرخراوەکەدا [+دیاریکراو] یان [_دیاریکراو] ن. دیارە، کە ناتوانرێت بە /کەی/ پرسیار لە هەموو فرێزەکە بکرێت.

٦) جێناوی ئاماژە (/ئەم ... ە، ئەو ... ە، ئەمان ... ە، ئەوان ... ە/) [+دیاریکراو] یی بە فرێزەکەو بەتایبەتیی بە ناوی کاتەکە دەبەخشێت، بۆیە بە /کام/ پرسیاریلێدەکرێت ("ئەو شەوە"/"کام شەوە؟"). بە /کەی/ پرسیار لە فلرێزەکە ناکرێت.

٧) سەری ڕستەی سەرجێناویی بە ڕستەی سەرجێناویی دەبێتە [+دیاریکراو]، بۆیە بە /کام/ پرسیاریلێدەکرێت.

٨) [+/_ دیاریکراو] یی بۆ دەرخەری فرێزی ناویی (N_N) و فرێزی ئاوەڵناوییش (A_N) دەخوات: ئەگەر دەرخراو دیاریکراو بوو بە "کام +دەرخراو" و ئەگەر دیارینەکراو بوو بە "چ+دەرخراو". ئاشکرایە، کە بە /کەی/ پرسیارناکرێت.

٩) لە فرێزی خستنەپاڵیی ئاوەڵناوییدا بە /چۆن/ پرسیار لە ئاوەڵناوەکە دەکرێت ("شەوێکی چۆن؟")، ئەگەر دەرخراو دیارینەکراو بوو یان پاشگری نەناسیاریی پێوەبوو (بڕوانە (٨)!). دیارە، کە ناتوانرێت بە /کەی/ پرسیاربکرێت. ئاوەڵناوی بەکارهێنراوی سەربەخۆ لە ڕستەدا بە /چۆن/ پرسیاریلێدەکرێت (ئاوەڵکرداری چۆنیەتیی).

١٠) ناو یان فرێزی ناویی و دیاریخەریی بە /چی/ پرسیاریانلێدەکرێت، ئەگەر سەربەخۆ لە ڕستەدا ڕوبدەن. لەناو فرێزی پێشناوی تواوەدا بە جێناوی ئاماژەی /ئەم ....ە/ وە، هەر بە /چی/ پرسیار لە چشت دەکرێت ("بەم درەنگانە"/"بەم چییە؟"). پرسیارکردن بە /کەی/ چاوەڕێنەکراوە.

ئەنجام ١:

(ا) لە فرێزی خستنەپاڵیی ئاوەڵناوییدا، بە /چۆن/ پرسیار لە پەسنکەرەکە (ئاوەڵناوەکە) دەکرێت، ئەگەر پەسنکراو فرێزێکی دیاریخەر بێت بە پاشگری نەناسیارییەوە، دەنا

(ب) بە /چی/ پرسیار دەکرێت، ئەگەر فرێزەخستنەپاڵەکە فرێزێکی دیاریخەری نەناسیاریی بێت بە پاشگری نەناسیاری /_ێك/ ەوە یان ئەگەر وشەکە لە کرداربەندییدا بێت. لەم حاڵەتەی دواییاندا گرنگ

نییە، ئەگەر فرێزەکە خاوەنداریی یان ئاوەڵکرداریی بێت یان نا.

(پ) ئەگەر فرێزەکە خراوەتەکیەك بێت بە /ە/ ی دیاریکەرییەوەو پەسنکراو یان دەرخراو فرێزێکی دیاریخەریی بێت، بە پاشگری ناسیارییەوە یان فرێزێك بێت بە جێناوی ئاماژەوە، ئەوا بە /کام/ پرسیار لە پەسنکەرەکە یان دەرخەرەکە دەکرێت.

(ت) لە جێکەوتەی ئاوەڵکرداردا فرێز بە ناوی کاتەوە دەبێتە ئاوەڵکردار_ئاسا، بەبێ پێشناو یان بە پێشناوێکەوە.

(ج) وشەی پرسیاری /چ/ بە زۆریی لەگەڵ /کەی/ سەرپشکیی بەکاردەهێنرێت، بۆ ناوی کات (سەدە، ساڵ، وەرز، مانگ، هەفتە، شەووڕۆژ لەگەڵ کاژێر) دایە: چ سەدەیەك؟، چ ساڵێك؟، ... چ کاژێرێك؟

ئەنجام ٢:

(ا) لە کرداربەندییدا بە وشەی پرسیاری /چی/ پرسیار لە ناوو ئاوەڵکرداری /زوو، درەنگ، دێر/ و ناوی ئاوەڵکرداریی /سەرەتا، پێش، .../ دەکرێت، دەنا،

(ب) /کەی/ بۆ ئاوەڵکردارەکانی تر /دوێنێ، سبەینێ، .../ و ناوی کات بەکاردەهێنرێت و وشەی پرسیاری /چۆن/ یش بۆ ئاوەڵناو.

کورتەوپوختە

زمانی کوردیی، لەتەك ئاوەڵکرداری تافدا، ناوی ئاوەڵکرداریی و ناوی کاتیشی هەیە، کە لە پێکهاتوەکاندا وەك ئاوەڵکردار گۆدەکەن:

١_ ئاوەڵکرداری بنەڕەتیی لە ڕستەدا جێکەوتەی بنجیی و سەرەکیی خۆی هەیە. لەبەرئەوەی پلەدارە، لە بەکارهێنانی ئاوەڵناوییدا فۆڕمی بەراوردی هەیە. بەگشتیی بە /کەی/، "چ کاتێك" و "چ+شاناویکات" پرسیاریلێدەکرێت.

٢_ ناوی ئاوەڵکرداریی، هەیانە ئاوەڵکرداریی و هەیشیانە ئاوەڵناویی بەکاردەهێنرێن و بەپێی جێکەوتەیان وەك ئاوەڵکرداری کات یان ئاوەڵکرداری شوێن گۆدەکەن. لەبەرئەوە ناوی "ناجێگیریان" لێنراوە. لەگەڵ ئەوەیشدا ناوی کات، ناوی کەس و چشت بۆ ئەو ناجێگرییە بڕیاردەرە.

٣_ ناوی کات لە ڕستەدا سەربەخۆ لە جێکەوتەی ئاوەڵکرداردا ڕوودەدات و بە /کەی/ پرسیاریلێدەکرێت. ناوی کات لەگەڵ ناوی ئاوەڵکرداریدا دێت و ئاوەڵکردار_ئاسا ڕودەدات. شا_ناوەکانیان تارادەیەکی زۆر جیاواز لە ناوی کاتەکانیان هەڵسوکەوتدەکەن.

٤_ قاڵبی ڕستەو پێکهاتوەکان جێکەوتەی چەسپاویان هەیە، کە بۆ ڕودان و گۆکردنی هەر یەك لەو سێ پۆلەڕەگەزە گرنگ و بڕیاردەرن:

أ) ئاوەڵناو لە جێکەوتەی ئاوەڵکرداری ناو ڕستەدا وەك ئاوەڵکرداری چۆنیەتیی گۆدەکات. لە فرێزی خستنەپاڵییشدا هەر ئەو گۆکردنەی هەیە، ئەگەر پەسنکراو نادیاریکراو بێت.

ب) ئاوەڵکرداری پلەدارو ناوی ئاوەڵکردارییی /پێشوو، دوا/ لە بەکارهێنانی ئاوەڵناوییدا فۆڕمی بەراوردیان هەیە. لەویان بە /چی/ و لەمیان بە /کەی/ پرسیاردەکرێت.

ت) ڕودانی ئاوەڵکردار لە کرداربەندیدا predicative usage جیاوازە لە ڕودانەکانی تری و بە /چی/ پرسیاریلێدەکرێت. لە ڕودانەکانی دیکەدا /کەی/ یان "چ کاتێك" بۆ پرسیارکردن لێی بەکاردەهێنرێت.

ث) جێکەوتەی ئاوەڵکردار لە خراوەپاڵیەکەکاندا لە گۆڕینی واتادا بڕیاردەرە. جێگۆڕکێ بە کەرەستەکانی خراوەپاڵیەکەکە دەبێتەهۆی گۆڕینی واتا.

ج) فـرێزی خستنەپاڵیی فرە_جومگەییەو دەتوانرێت پرسیار بەجیا لە جومگەیەکی یان لە گشت پێکهاتوەکەی بکرێت.

ح) لەتەك جێکەوتەدا، [+/_دیاریکراویی] دەرخراو/پەسنکراو ڕۆڵێکی گرنگی لە ڕودان و گۆکردنی توخمەکاندا هەیە.

خ) دەرنەبڕینی شا_ناوی کاتی ناو پێکهاتوەکان سەرپشکییە.

د) خراوەتەکیەکەکان کاتێك ڕێگەپێدراون، کە جومگەی یەکەمیان ئاوەڵکردا یان ناوی ئاوەڵکردارییی بن: (N_Adv.)، (Adv._Adv.)، (Adv._Nadv.)، (N_Nadv.). پێچەوانەی ئەو سەرەوڕییزبونە لەڕێی دو ستراتیژییەوە ڕێگەپێدراوە: فرێزی خستنەپاڵیی و پێدانی پشوو/کۆماوە لەنێوان جومگەکانیاندا.


## Summery

In addition to temporal adverbs, Kurdish has adverbial nouns and time-nouns that they function as adverbials in different constructions:

1. Typical adverbs: They have their own fixed position in sentences. Because they are gradable they have comparative forms whenever they are used as adjectives. They are generally asked by using words such as “when”, “at what time” and “wh- hyponyms time nouns”.

2. Time nouns can be used as adverbs or as adjectives according to their positions as time adverbs and place adverbs. That is why, they are called “instable adverbs”. Their instability stems from the fact their time and personal views are used in the construction in which they occur.

3. Time nouns can occupy the adverb position in the sentences in which they occur. And they can be interrogated by “when”. These time nouns co-occur with temporal nouns, as a result, the process of quasi-adverbial takes place. It is worth mentioning that the behavior of their nominal hyponyms is very different from that of their time nouns.

4. Positions in sentence and construction templates are fixed. The occurrence in the template is significant and decisive for the function of each the three sub-categories:

a. An adjective in adverb position conducts as “adverb of manner” having some function in genitive construction, if the described noun is indefinite.

b. Gradable adverbs and adverbial nouns (such as previous, and last) have comparative forms whenever they are used as adjective. The question-word “what” is used for asking about gradable adverbs while “when” should be used for noun adverbs.

c. In verb-restriction (predication usage) the adverb is quite different from the other adverbs and thus, “what” is the question-word that is used for making the sentence interrogative since in the other constructions “when” or “at what time” are used.
d. The position of the adverb in juxtaposed constructions play vital roles in changing the meaning of in those constructions that are juxtaposed. The permutation of the elements will change the meaning.
e. In genitive constructions, it is possible to ask about one element or the whole constructions. In juxtaposition {+. –determined} has a great role in determining the function of the element.
f. The hyponym time nouns are optional to be expressed in their constructions. Juxtaposition is allowed only when the first element is an adverb or an adverbial noun. If we do not have the above way of arrangement, there will be tow possible strategies.

سەرچاوەکان


ئازاد ئەحمەد حسێن (٢٠١٠) "ئەرکی ئەدڤێربڵ لە فراوانکردنی فرێزی کاریدا"، سلێمانی.

ئەورەحمانی حاجی مارف (١٩٩٨) "ڕێزمانی کوردی"، بەرگی یەکەم (وشەسازی)، دەزگای ڕۆشنبیری و بڵاوکردنەوەی کوردی.

سەعید سدقی کابان (١٩٢٨) "مختسر سەرف و نەحوی کوردی"، بەغدا.

کۆڕی زانیاری کورد (٢٠١١) "ڕێزمانی ئاخاوتنی کوردی"، چاپی دوهەم، چاپخانەی ئاراس، هەولێر.

عەبدولجەبار مستەفا مەعروف " "، گۆڤاری زانکۆی کۆیە، ژ (٢٤)، ئیلولی (٢٠١٢).

محەمەدی مەحویی (٢٠٠١) "ڕستەسازیی کوردیی"، زانکۆی سلێمانی.

= = (٢٠٠٦) "ئاوەزداریی و ڕێزمانی ناوەڕۆك_وابەستە"، زانکۆی سلێمانی.

= – (٢٠١٠) "مۆرفۆلۆژیی و بەیەکداچوونی پێکهاتەکان: مۆرفۆلۆژیی کوردیی"، بەرگی یەکەم، زانکۆی سلێمانی.

= = (٢٠١١) "بنەماکانی سینتاکسی کوردیی"، زانکۆی سلێمانی.

= = (٢٠١٣_ا) "ئاوەڵناوی کوردیی لەنێوان تیۆریی و تایبەتمەندییەکانیدا"، لە بڵاوکردنەوەدایە.

= = (٢٠١٣_ب) "پێشناو لە زمانی کوردییدا"، مانوسکریپتی ئامادەکراو بۆ بڵاوکردنەوە.

نەریمان عەبدوڵا خۆشناو (٢٠١٠، ٢٠١٢) "ڕێزمانی کوردی"، چاپی دوهەم، چاپخانەی منارە، هەولێر.

نوری علی امین (٢٠١٢) "ڕێزمانی کوردی"، چاپی دوهەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر.

Hadumod Bußmann (1983) ‚lexikon der Sprachwissenschaft‘, Alfred Kröner Verlag, Stuttgart.